هونـــەری نیگارکێشـــان
لە سەدەی بیستەمدا

شمیدت دیجینەر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
وەهبی ڕەسوڵ

سلێمانی ٢٠٠٢

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

- ناوی کتێب: نیگارکێشان لە سەدەی بیستەمدا
- ناوی نووسەر: شمیدت دیجینەر
- ناوی وەرگێڕ: وەهبی ڕەسوڵ
- بابەت: ڕەخنەی هونەری
- ناوی هەڵەچن: کانی عبدالله
- مۆنتاژ: سەیران عەبدولڕەحمان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ٢٢٥ ی ٢٠٠٢
- کۆمپیوتەرو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

ناوەڕۆك

-بەر لە پێشەکی.
-پێشەکی.
-فەڕەنسا ڕێ خۆشکەرە.
-فوفیرمەکان "وەحشیەکان" لە سروشت دووردەکەونەوە.
-بەرەو ڕێبازهایەکی سەرەتایی ساویلکانە.
-کیوبیزم (تەکعیبیەت).
-پیکاسۆ و کیوبیزم.
-کاریگەریی پەیکەری زنجی.
-براك.
-لیجیە.
-لە کیوبیزمەوە بەرەو ئەبستراکت.
-بزاڤی تەعبیریەت (ئێکسپرێشنیزم).
-لە تەعبیریەتەوە بۆ ئەبستراکت.
-کاندنسکی.
-کلی.
-مۆندریان.
-بزاڤی فیوچەریزم (موستەقبەلیەت).
-تشیریکۆ.
-سوریالیزم.
-شاگال.
-بزاڤی مۆدێرنیزم لە ئینگلترە.
-سروشتی هونەری هاوچەرخ.
-کۆتایی.



بارت ڤاندرليك، کۆمپۆزشن، ١٩١٨-١٩٢٠، ١٠١×١٠٠سم

بەر لە پێشەکی

خوێنەری ئازیز، ئەم کتێبە بچوکەی بەردەستت بریتییە لە دەروازەی چوارهەم لە کتێبی بۆچونەکان لە هونەری مۆدێرندا نوسینی دکتۆر مەحمود ئەلبسیونی. نوسەر لەم دەروازەیەدا سودمەند بوە لە بیروبۆچونەکانی ڕەخنەگری گەورە شمیدت دیجینەر. ئەوەی جێی سەرنجە لەم نوسینەدا بوێری و ڕاشکاوی بیرکردنەوەو پێودانگ کردنی ئەم ڕەخنەگرەیە لە پاڵ لێکدانەوەیەکی بابەتیانەی پشت بەستوو بە ئاراستەیەکی مێژوویی. تێڕوانینێکی خێرا بەڵام چڕوپڕ بەرامبەر هەر بزاڤێکی هونەریی و هونەرمەندێ دەدوێت.

بەرهەڤ بوونی بەرەنجامەکان لە کارایی هەنجەتەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش وای کردوە ئەم نوسینە جیابێت لە زۆرێك لەو نوسینانەی تەنها گێڕانەوەیەکی مێژویی بۆ هونەری مۆدێرن لەخۆ دەگرن.

بە مەبەستی زیاتر گەیاندنی بیروڕاکانی نوسەر ناچار بووم بەرامبەر هەندێ وشە ئەو مانا کوردییە دابنێم کە خزمەتی مەبەستەکەی کردوە. هەندێ جاریش گەڕاومەتەوە بۆ دانانی وشە ئینگلیزییەکەی، گەر مەبەستەکە وەهای خواستبێت، یاخود بەرامبەر بەو وشەیە وشەیەکی وەهام چنگ نەکەوتوە ئەو مانایە

بپێکێت، بۆ نمونە: کۆمپۆزشن بەرامبەر (التكوين) یاخود کۆنستراکشن (التركيب) و پرۆسێس (عملية).

دەربـاری نـاوی ڕێبـازە هونەرییـەکان بـۆ زیـاتر ناسینەوەو شارەزابوون لە پاڵ ناوە عەرەبییەکەدا ناوە ئینگلیزییەکەم نوسیوە، بە پێی گونجاوی لە ڕستەدا یاخود گونجاوی ناوی ڕێبازە هونەرییەکە یەکێکیانم زیاتر بەکارهێناوە. بۆ نمونە (ئینتباعیەت و تەعبیریەت)م بەلاوە ئاشناترو ئاسان تر بوو وەك (ئیمپرێشنیزم و ئێکسپرێشنیزم) بەڵام (کیوبیزم و فۆفیزم)م بەلاوە پەسەندتر بوو لە (تەکعیبیەت و وەحشیەت).

لە هەندێ جێگەدا گەر پێویستی بە پەراوێز کردبێت بۆم داناوە لە پێناو زیاتر ڕوون بوونەوەی بابەتەکە.

بەو ئامانجەی ئەم هەوڵە سادەیە سەرەتایەك بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییە فراوانەی بە زمانی کوردی لەم بوارەدا هەیە، ببێتە مایەی چونە پێشەوەی چێژوەرگرتن و لێکدانەوەی جیدی بۆ بینەرانی هونەری شێوەکاری بە گشتی. تا خوێندکارانی هونەریش بە تایبەتی زانیاری و شارەزاییان لە سەرسام بوون بە ڕوکەشی تەکنیکی بێ ڕازێ و پانتاییەکانی بینگەی هونەریی بگرێتەوە.

ڕەنگە نووسینەکە جۆرێك لە مۆرکی تایبەتمەندی لەخۆ بگرێ ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ شێوازی نووسینەکە

یاخود بۆ ئەو زانیاریانەی لە دووتوێی نووسینەکەدایە، هێندەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی کاری هونەریی مۆدێرن کە لە لایەن و پێناوی تاکدا هەڵسوڕاوەو ئەنجام دراوە لە ڕۆژئاواش زۆرێکی لە (کارتیاکردن و زەمەن) ویستوە تا پانتاییەکی زیاتری لە ئاستی گشتی بە دەست هێناوە.

ئەوەش بۆ خۆی مایەی پرسیار بووە لەلای دیجینەر لە کۆتایی بۆچوونەکانیدا.

وەهبی ڕەسول

٢٠٠٢/٢/١١

- پێشەکی:

هونەری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە هونەرێکی ئاڵۆز دادەنرێت گەر بە هونەری ئاڵۆزی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەراورد بکرێت. ئەم سەردەمە رووبەرووی کۆمەڵێ شەپۆلی بێ ئارامی و هەڵچوون و داچوون بۆوە کە پاشماوەی جەنگە وێرانکەرەکان و ئەو شۆرشانە بوو کە ئاسەوارهایەکی ترسناك و هەڵگەڕانەوەی رامیاری و کۆمەڵایەتیان بە دوای خۆیاندا هێنا. ئەمە جگە لە گەشەسەندنی خێرا لە پڕۆسێسە تەکنۆلۆژییەکان و دۆزینەوە زانستییەکان و داهێنانەکاندا. ئەم دیاردانە سەرجەم لە هونەری پەنجا ساڵی رابوردوودا ڕەنگیان داوەوە. لەم ماوەیەدا چەندان قوتابخانە بە دەرکەوتن و چەندانی تر دیارنەمان لە بەدوا یەك هاتنێکی خێرادا، کۆمەڵێ تیۆری و بیروباوەڕی نوێ دانران کە هەندێ جار بە توندی هێرشیان دەکرایە سەرو هەندێ جاری تریش بە توندی بەرگرییان لێ دەکرا، هەندێ لەم بیروباوەڕانە وەلانران و کاتێکی درێژ بەسەر پەیرەویکردنیاندا ڕانەبورد، ئەمەش لەبەر دەرکەوتن و زاڵبوونی بیروباوەڕی نوێ تر کە جێیانی دەگرتەوە.

هەندێ جار ڕێڕەوی دژ بەیەك لە هەمان کاتدا لە دایك دەبوون، تەنانەت هەندێ نیگارکێش تیۆرێکی دیاریکراویان پەیڕەو دەکردو دواتر وازیان لێ دێناو بە تیۆرییەکی ترەوە پابەند دەبوون، بە شێوەیەك دانانی ئەم هونەرمەندانە لە خانەیەکی دیاریکراودا ئاسان نیە، ڕۆشنبیریی سەدەی بیستەم لەم حاڵەتە شێواو و ناڕێکەیدا کە بەرەنجامی شۆڕشکردن بوو بەسەر گشت بنەماو ڕێسایەکی باودا ڕەنگدانەوەی زیندوی خۆی لە هونەرەکانداو لەو گۆڕانکارییانەدا دییەوە کە تیۆری ئیستاتیکی ڕووبەڕووی بۆوە.

دەبێت دان بەوەدا بنێین کە جۆرەها لە ئەزموون و تیۆری لە ئارادا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە هیوای ئەوە بووین کە نیگارکێشەکان بە وردی و شێنەیی لە تێبینییەکەی ڕێنوار بکۆڵنەوە کە دەڵێت: "تیۆرییەکان ئەفرێنەری تابلۆ جوانەکان نین" لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازە دیالەکتیکییە جۆراوجۆرەکان لە سەدەی بیستەمدا کارهایەکی هونەری گرنگ و سەرنج ڕاکێشیان بۆ بەرهەم هێنایین. هەرچەند ئەم تیۆریانەی هونەری مۆدێرن و هەوڵدانەکانی جێی سەرنج بن تا چەندێ وێنا دەکرێت، بەڵام ئەو تیۆریانە خاوەن گرنگییەکی قوڵن چون گوزارشت لە هەڵچوونەکانی مرۆڤی نوێ و وەڵامەکانی هونەرمەند دەکەن بۆ دیاردەکانی سەردەمەکەی و گرفتەکانی خۆی.

پۆل گوگان، دو ئافرەتی تاهیتی، ١٨٩٩،رۆنی لەسەر کەنڤاس، ٧٣×٩٢ سم

ڤان کوخ، ژووری نوستنەکە، ١٨٨٩، رۆنی لەسەر کەنڤاس،٧٣×٩٢سم

-فەڕەنسا ڕێخۆشکەرە:

فەڕەنسا بەوە ناوزەد دەکرێت کە یەکەمین پێگەیەکە هونەری نیگارکێشانی سەدەی بیستەمی بە شێوەیەکی جیاوازو ناوازە تیا بە دەرکەوێت، ئەمە بەشێك بوو لە زنجیرەیەك بیروبۆچوون کە فەڕەنسا ڕێگای بەرەو پێشکەوتنی پێخۆش کرد، هەر لە کۆتایی سەدەی پێشوودا بوو پەرچەکردار دژ بە قوتابخانەی ئینتباعی بە هەمەجۆر دەرکەوتنەکانیەوە ڕویدا، یاخود بە مانایەکی فراوان تر هەلگیرسانی شۆڕشێك ڕووبەڕووی ئەو بیروڕاو لێکدانەوەیەی پشتگیری لە بوونی (ڕاستییەکی بابەتی لە سروشتدا) دەکات. دەکرێت تێبینی ئەوە لە هونەرمەندێکی وەك: ڤنسنت ڤان کوخ (Vincent Van Gogh) و پۆل گوگان (Paul Gauguin) و پۆل سیزان (Paul Cezane)دا بکەین.

لە کارەکانی ئەو هونەرمەندانەدا توخمی وەها هەیە کاریگەری لەسەر دانانی ئەو ڕێڕەوە کردوە کە تا ئێستا هونەری نیگارکێشان گرتویەتە بەر. ئەو هونەرمەندانە ژیانی خۆیان بە جەختکردنەوە لەسەر ڕوکەشی دەرەکی دەستپێکرد بە شێوەیەك کە پشت بەستوو بێت لەسەر خێراییەکی کاتی: ڤان کوخ لە دوا ڕۆژەکانیدا هونەرمەندێکی تەعبیری بوو و لە کارەکانیدا ژیانی پڕ

هەڵچوونی خۆی دەخستەڕوو. هەرچی سیزانیشە بنەماکانی قوتابخانەی تەکعیبی (کوبیزم) دانا کە هونەرمەندەکانی ڕووەو ڕێڕەوێکی کۆنستراکشنی ئەبستراکتی دەچوون. ئەمە لە ساتێکدا گوگان بە هێڵە دەرەکییە سادەکراوەکانی، و ڕووبەرە جوانە فراوانەکانی لە ڕەنگدا، بەبێ جەخت کردنەوە لە ڕەهەندی سێهەم، بەهای ڕوکەشی سادەی شتەکانی بەدەرخست، بەڵام بە ڕێگەیەکی کۆنستراکشن، داهێنانی تیاکرد بەمەش پێشینەیەکی بە هونەری هنری ماتیس (Henri Matisse) و فوفیزمەکان (وەحشیەکان) بەخشی.

ئەو سێ هونەرمەندە ئێمەیان گەیاندە، هونەرمەندانێك کە ڕەخنەگرەکان لە دوای پیشانگەیەکیان لە ساڵی ١٩٠٤ لە ساڵۆنی پایزە لە پاریس ناویان لێنان (وەحشیەکان) -لە گیانەوەری دڕندەوە[1]- ئەوان ئێمەیان گەیاندە یەکەم هەوڵی دیاریکراو بۆ ئەفراندنی جۆرێکی نوێ لە نیگارکێشان کە خاوەن مۆرکێکی ئازاد بێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کۆمەڵێکی تر لە هونەرمەندان کە خۆیان بە پەیامبەران ناوزەد کردبوو پێش ئەوان کەوتبوون لەو میانەدا، بەڵام هونەرەکەیان بۆ ماوەیەکی درێژ نەیتوانی بەردەوام بێت. لە پێشڕەوەکانیان مۆریس دنیس (Mourice Denis)ە کە خاوەن ناوبانگە بەو وتەیەی کە دەڵێ "تابلۆ بابەتەکەی هەرچییەك بێت لە بنەمادا ڕێکخستنی شێوەو ڕەنگە لە قاڵبێکی ناوازەدا".

-فوفیزمەکان (وەحشیەکان) لە سروشت دوور دەکەونەوە:

هەر هونەرمەندێکی سەر بە ڕێبازی فوفیزم خاوەن مۆرکی تایبەتی خۆی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە، هەموو بە مەبەست لە لاسایی کردنەوەی سروشت دوورکەوتنەوەو وازیان هێنا کە ئەو لاسایی کردنەوەیە ئەفرێنراوی ئینتیباعیەکان بوو، هەرگیز هەوڵی ئەوەیان نەدا نیگاری دیمەنێك بکێشن وەك چۆن لە دەرەوە دەیبینن، هەرچۆن ئەوان هەموو تواناو وزەی خۆیان بەکارنەهێنا تا شتێکی واقعی لێ دروست بکەن هەر کاتێ بۆیان لوا. بەڵکو گرنگی پێدانی خۆیان ئاڕاستەی بەدی هێنانی واقعیەتێك کرد کە خۆیان ئەفرێنەری بن پێش هەموو شتێك. بێ ئەوەی شێوەکانیان هیچ پابەندبونێك بگرێتە خۆ بە کەشی ئاسمانەوە یاخود بە شێوەی درەختێکەوە، یا بە هەر کاریگەرییەکی دیار کە بکرێ سروشت بۆ چاوی بخاتەڕوو. هەرچۆن دواتر هەوڵیان دا جیهانێك لە ڕەنگ و هێڵ و ڕوبەر بخولقێنن کە ڕێساکانی لە خودی خۆیدا هەڵگرتبێ لە جیاوازی و ڕێککەوتن و ڕیتم. بە پەیڕەوکردنی ئەمە هونەرمەند لەسەرخۆ؛ لە پابەندبوون بە کۆپیکردنی شتەکانەوە وەك لە سروشتدا دەردەکەون؛ ڕزگاری بوو.



هینری ماتیس، خۆشتن لە ڕووباردا، ١٩٠٩-١٩١٦، ڕۆنی لەسەرکەنڤاس، ٢٥٧×٣٨٩سم

ئەندریە دیران، ماڵەکانی پانلیمێنت لەشەودا، ١٩٠٥، ڕۆنی لەسەرکەنڤاس ٧٨×٩٩سم

ئەم ڕێڕەوانە وەك تێبینیمان کرد، لە هونەری هەرکام لە گوگان و ڤان کوخ و سیزان دا هەبوو، بەڵام بۆ جارێکی تر لە بەشی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی فراوان بەکارهات و بە شێوەیەکی وشیارانەو پشت بەستو بە میتۆدەکان جێبەجێ دەکران: هونەرمەندەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون پوختە هونەرییەکەی بە تیۆری و بە مادە بنەماکەیەوە وەك چۆن ئەم سەردەمە لێیان داوا دەکات دەربخەن. دەوڵەمەنی و تیۆری ڕەنگی زێدەڕۆیی تیاکراوی تۆمارکراو لە لایەن فوفیزمەکانەوە، شێوە ئەندازەییە بنەماییەکان کە سپەرێك بوون لە بونیاتی نیگارکێشانی کیوبیزم دا ئەو گرنگی پێدانەش بەو شێوانەی لە ئامێر دەچن کە فیوچەریزمەکان وێنەیان کێشا. هەموو ئەمانە لە چەند لایەنێکەوە، بە هەوڵێك بۆ گەیشتن بە دەرخستنی بنەما سەرەکییەکان دادەنرێت. لە هەندێ لایەنی تریەوە بە ڕووکەشێ لە قەڵەم دەدرێ، بۆ ڕووکەشی ڕۆحی ئەو سەردەمە تورەو پڕ دڵەڕاوکێیە. هنری ماتیس (١٨٦٩-١٩٥٤) کە بە پێشڕەوی دیاری جوڵەی فوفیزم دادەنرێت و هونەرمەندێکی سەرەکییە کە هونەرمەندانێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەتەوە وەك: ئەندریە دیران (Andre Derain) و مۆریس فلامنك (Maurice Vlaminck) و جۆرج ڕووە (Georges Rouault) و ئۆتۆن فریز (Othon Friez) و ئەلبێرت مارکیە (Albert Marquet) رائول دۆفی (Raoul Dufy) و کەسانێکی

تـر لـە پێشـڕەوانی بـەناوبانگی قوتابخانـەی فەڕەنسـی مۆدێرن، نە خۆی و نە ئەوانـەش کـە لـە دوای ئـەو هـاتن هـەوڵی ئـەوەیان نـەدا کاریگـەری بۆشـایی و قوڵـی بکەنــە گرفتێکـی سـەرەکی لـە پێکهاتنی وێنـەدا، بـەڵام لـە جێـی ئـەوە بایـەخپێدانی خۆیـان ئاڕاسـتەی کاریگـەری جووڵـە کرد کە هەرچیزیاتر جەختیان لەسەر دەکردەوە، لە ڕێی سنورە دەرەکییە گوزارشت بەخشەکانی شێوەوە (هەروەك گوگـان کـردی). یـاخود لــە ڕێــی ڕێککــەوتنی لێدانــی پەڕەمووچی سەرەو خوارەوە کە ڤان کوخ بەکاری هێناوە. لە ڕێی ئەمـەوە توانیـان وا لـە وێنـە بکـەن لـە حاڵـەتی جووڵەدا بێت، ئەمـەش لـە ڕێـی یـاریکردن بـە هێـڵ و ڕەنگەکان بە شێوەیەکی بەهێز.

لە سیزانەوە بەکارهێنانی ڕەنگیان وەك هۆکارێك بۆ دیاریکردنی شێوە بۆماوەیە، بەڵام لە پاڵ نەخشی میسری و ئاشـوری[٢] و نەخشـاندن لـە سـەردەمی یۆنـانی کـۆن پەنایان بۆ شێوە سەرەتایی و کۆنەکانیش بـرد، هـەرچۆن کەڵکیان لـە نیگارکێشانی بێزەنتی و سەرانسـەر هونـەری ڕۆژهەڵاتی دیکەش وەرگرت. ماوەیەك لە بەرهەمـهێنانی مـاتیس دا کاریگـەریی خـەزەفی فارسـی و دەسـتنووسـە وێنـەدارە فارسـییەکان دەبینـین کـە توانـی ڕەنگـی زاڵ لـە تـابلۆدا سـادە بکاتـەوە. هـەمان شـتیش لەگـەڵ هێڵـەکان و شـێوە تەواوکـەرەکاندا بکات و تـا ڕادەیـەکی گـەورە بیــان کاتـە ڕیتمێکـی سـەرەکی. ئـەو هـەرگیز دوودڵ نـەبوو لــە

دانانی رووبــەری گــەورە لــە ڕەنگــی ســەرەتایی کــە یــەك دەچوونە پاڵ ئەوی تر، ئێمە نـە لـە کـاری ئـەودا (و نـە لـە هیچ کارێك لە کارەکانی هونەرمـەندە وەحشیەکاندا) ئـەو هەمەڕەنگییە وردەکارەمان نـەدی کـە لـە جەختکردنـەوەی ئینتباعیەکاندا هەیە. هەرچۆن وەك پرۆسێسێك خـۆی لـە شــێواندن لانــەداوە، لەبەرئــەوەی بــاوەڕی وابــووە کــە نەخشەسازی پێویسـتی بەوەیـە. لـە سـاڵی (١٩٠٧)دا تـابلۆ بەناوبانگەکـەی (Luxe Calme et Valupte) پیشـان دا کـە سروشـتی ئـەم کارەی لـە شـیعرێکی بۆدلێر وەرگرتبـوو بـە ناوی "بانگهێشتێ بۆ کۆچ" لەم تابلۆیەدا ئافرەتێکی پیشان داوە چوار پەنجەی هەیە ئـەم سـەرپێچی کردنـە لـە ڕێسای ئەناتۆمی کردنی ڕاستەقینە، شتێکی نامۆو سەیر نەبوو لە کارەکانیدا یاخود لە کاری هونەرمەندە مۆدێرنەکانی تـردا. لـێرەدا تێبینـی ئـەوە دەکـەین ئـەوەی ئێمـە ناسـیومانەو زانیومانــە وەك شــتێکی واقعــی، بــە شــتێکی ســەرەکی دانانرێت. ئەو بابەتەی ماتیس مەبەستی بوە تۆماری بکات بریتییـە لـە یـاریکردنێکی زەخرەفـی بـە هێـڵ و ڕەنـگ. پرۆسێسی نواندنەکـە بـە شـێوەیەکی لاوەکـی دێـت و لـە خۆیدا ئامانجێك نەبوەو نییە. جارێکیان ماتیس پێشنیاری ڕێگەچارەیــەك دەکــات بــۆ هەڵســەنگاندنی ئــەم جــۆرە کارکردنانە بگیرێتە بەر لە ڕێی ئەو وتـە بەناوبانگەیـەوە کە دەڵێ: (گەر ڕوانیتە وێنەیەك پێویستە لە سەرت ئـەوە لە بیرخۆت بەریتەوە کەچی دەنوێنێت).

راول دۆفی، سەما، ١٩١٠، کۆڵینی تەختە، ٣١×٣١سم



ئەلبێرت مارکیە، لەڕۆژێکی بارانی پاریس، ١٩١٠
ڕۆنی لەسەرکانڤاس، ٩٠×١٠٦سم

لەگەڵ ئەوەشدا ماتیس زۆر دوور نەکەوتەوە لە شێوەکان کە بناسرێنەوە، بەڵکو وەك دڵسۆزی ڕێگا تایبەتەکەی خۆی مایەوە بۆ سروشت و مۆدێل (نمونە)، بۆ ئەم ویستەشی ڕەنگ تاقە هۆکاری بوو کە پشتی پێ دەبەست لە بڕیاردانی هەر کارێك لە کارەکانیدا. کارەکانی لە زۆربەی کاتدا دەوڵەمەندو هێمن و لەسەرخۆ و گەش بوون. ماتیس توانی لە ڕێگەی پەیوەست کردنیانەوە بە هێڵی دەرەکییەوە، بگاتە بەرەنجامی بەرز لە داهێناندا. ئەو دەڵێت "هەستکردنێکی ڕەنگی هەست بە جیهانی دەرەوە دەکەم" ئەم ئاماژەیەش پوختەی جەوهەری قوتابخانەی فۆفیزمە. لە نێوانساڵانی (١٩٠٥-١٩١٠)دا هەندێ لە هونەرمەندان پەیوەست بوون بەم ڕێبازە هونەرییەوە بەڵام دواتر ڕوویان کردە ڕێبازی تەواو جیاواز، لەو هونەرمەندانەش جۆرج براك (Georges Braque) بوو. براك لە بیست تابلۆ زیاتری نەکێشا کە سەر بە ڕێبازی وەحشیەکان بێت، بەڵام مۆریس دی فلامنك (١٨٧٦) توانی تەرزێکی تایبەت بە خودی خۆی بەرەو پێ بدات کە هەرچی زیاتر هاوسەنگی لە نیگارکێشانی دیمەنی سروشتیدا بێت. وەحشیەت بە پەرچەکردارێکی گرنگ دادەنرێت، دژ بە پرۆسێسی کۆپیکردن کە زۆر جار بە ئەفراندنی هونەرێکی فۆتۆگرافی کۆتایی دێت. بەڵام دەرخستنی ڕەنگە زەق و هەڵچوەکان جۆرێك لە گوزارشتی خودی دەوێت کە پشت

بەســـتوو بێــت بـــە ئاوێزەیـــەکی ڕووناککـــەرەوە. فەڕەنسییەکان بە تـەواوەتی ڕێساکانی ئینتباعیـەتیان لـە یاد نـەکرد، ئەمێستاش کۆمـەڵێ هونەرمـەند بـەردەوامن لەسەر تەرزی ورەگیراو لە ویستی ئینتباعیەکانـەوە بـەڵام لەگەڵ ڕێڕەوی کەسایەتی خۆیاندا گونجاندویانەو ڕێکیـان خستوە. لەوانە پیر بۆنـارد (Pierre Bonnerd) (١٨٧٦-١٩٤٧) کە هونەرەکەی ئـەمڕۆ ڕێزێکـی مـەزنی لێ دەنـرێ، لـە باڵاییو ڕاستگۆیی، هـەروەها ئـەدوارد ڤیـلارد (Edward Vuillard) (١٨٦٨-١٩٤٠) کـە هاوڕێی بۆنـارد بـوو کارەکـانی دەربـاری چوونـە ژورگـەی یـاخود دەروازەی ماڵانـــەو جیاییەکی بێ هاوتای لەخۆ گرتوە.

-بەرەو ڕێبازگەلێکی سەرەتایی ساویلکانه:

هنری ڕۆسۆ (Henri Roussau) (١٨٤٤-١٩١٠) کـه هـەندێ جار ناوی لەگەڵ نیگارکێشه وەحشییەکاندا دێت بەڵام بـۆ خــۆی نمونــەی دیاردەیــەکی بێهاوتایـــه لـــه جیـــهانی نیگارکێشـاندا، کـارکردن و شـێوازی ئـەو بـــه نموونـــەی جوڵەیــەکی گواســتنەوه دادەنرێــت. لـه کۆتــایی ســەدەی رابوردوودا چالاکیەکی لەبەرچاوی هەبوو، هەندێ جار به فەرمانبەری گومرگ ناوزەد کراوه. یەکێکه لەو کەسانەی وەك ئارەزوو خـەریکی هونـەر بـوون، لـەو هونەرمەندانـه بـوه کـه پێیـان وتـون نیگارکێشـانی رۆژی یـەك شـەممه. ڕۆسـۆ خـۆی مامۆسـتای خـۆی بـوه، بـه هـەرحاڵ ئـەو خۆشبەخت بـوه لەبـەر پـەیڕەو نـەکردن و مـل نـەوی نەکردنی بۆ ئەو کۆت و بەندانەی خواستی ئەکادیمی باو دەیســەپێنێ، هــەرچۆن خــۆی بــه بــاری میتــۆدە ئایدۆلۆجییەکان بار نـەکرد. هـەر ئەمەشـه بۆتـه هۆیـەك لـەو هۆیانــەی وای لــه کـاره هونەرییــەکانی کــردوه بــه شێوەیەکی ساویلکانەی سەرەتایی دەرکەون، که قەشـەنگی گوزارشتی منالآن و ئازادی و کراوەیی ئەوان وەرگرن. ئەو گوزارشـــتانەی کاریگــەریی کــرده ســـەر ئـــەو نـــەوه پێگەیشتوەی که ترسناکی نقوم بوون له بێ مانایی کێشه شـێوەکارییەکاندا هەڕەشـەی لێ دەکـردن. کارەکـانی ڕۆسـۆ

سەرباری ئەمانەت و نەبوونی دەمارگیری تیایدا بەدەر نەبوو لە هەندێ دیاردەی ناتەواوی، بەلاّم بێگومان پەرچەکردارێکی شیاو بوو دژ بە خواستی ئینتباعیەکان.

کۆمپۆزشنەکانی ڕووی لە جەخت کردنەوە بوو لە دو ڕەهەندو، ڕێکخستنی توخمەکان و کەسایەتییەکان یەك لە پەنا ئەوی ترا بە شێوەیەکی ڕووکەشی هەروەك ئەوەی بڕڕابن و دانرابن لە پالْ یەکدا. و لەگەڵ ئەوەشدا نیگارکێشانی تا ڕادەیەك وشك بوو، بەلاّم بەدەر نەبوو لە توانایەکی ڕاستەقینە لە گوزارشت کردن. ئەو شێوازە هەستیارە پەتیە سادەیەی لە ڕەنگکاری و ڕەنگ دانانداوای کردبوو بتوانێ نیگاری ئەو ئەندێشە ساکارانەی پێ بکێشێ و لە کاریگەریی نادیاری ئەوان قوڵتر بکاتەوە کە لە کەشی خەونهایەك دەچێت پڕ لە ئەفسون و خۆشی. بەلاّم توخمی ناواقعی لە کاری (فەرمانبەرە گومرگی)یەکەداو کاریگەری ئەو لایەنە پەیوەستە تا ڕادەیەکی گەورە بە بەرهەمی هەندێ لەو سریالیانەی لە دوا ئەو هاتن و ئەوانەی ئامانجیان پەردەلادان بوو لەسەر ژیانی ناوەکی یان ئەفراندنی کەشێکی دیاریکراو. ئەو سیفەتە سەرەتاییەی کارەکانی لە خۆیان گرتبوو ڕێخۆشکەر بوو بۆ سەرسامبوونی جەماوەر بە بەرهەمەکانی (هونەرمەندانی ڕۆژانی یەك شەممە) یاخود کە هەندێ جار ناوزەدیان دەکردن بە (سەرەتاییە مۆدێرنەکان). لە نمونەی ئەوانەش جیراندما مۆزس

(Gerandma Moses) و گامیل بومبواز (Gamille Bombois)
ئـەوەی بـە دیقـەت بڕوانێتـە کارەکـانی ئـەم دوانـە یـا کارەکانی ڕۆسـۆ ئـەوە بـەدی دەکـات کـە چارەسـەرێکی گەشەسـەندنی هونـەریان بـۆ خۆیـان تێپـەڕاندوە بـە گەیشـتن بـە بـەرەنجامێك دژ بـە قـووڵ بوونەوەیـەکی ئیستاتیکی کە پشت دەبەستێت بە هیلاك کردنێکی زەیـن تا ڕادەیەکی گەورە.

-کیوبیزم (تەکعیبیەت):

ڕەونەقی ڕێبازی وەحشیەکان لە ساڵی ١٩١٠ زیاتر بەردەوام نەبوو، تەنانەت ماتیس خۆی وازی لە ڕێڕەوە وەحشییە بنەڕەتییە ڕەسەنەکەی هێنا، ڕێگەیەکی هەرچی زیاتر میانڕەوی بۆ خۆی گرتەبەر لە نزیکی ساڵی (١٩٠٨). بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە جوڵەیەکی هونەریی نوێ سەری هەڵدا پێی دەوترا "کیوبیزم" کە کاریگەرییەکی فراوانتری هەبوو و ماوەیەکی زیاتریش مایەوە. کۆمەڵێکی نێونەتەوەیی ئەم ڕێبازە شێوەکاریەیان گرتەخۆ و توانیان بە شێوەیەکی دژ بە واقعیەتی بدەنێ و جیاواز لەو کەشەی ئینتباعیەکان ئەفراندبویان لە کارەکانیاندا. هونەرمەندەکان وایان لێ هات چیتر هەست بکەن شیکردنەوەی پڕۆسێسی نیگارکێشان بە شێوە گشتییەکەی، بۆ سیمفۆنیاتی تیشکی، کە هەروەك کلۆدمۆنێ (Claude Monet) کردی بۆ نمونە، مانای دورخستنەوەی نیگارکێشانە لەهەر بنەمایەکی دیاریکراو، لەبەر ئەمە هەستیان بە پێویستی سەپاندنی ڕێسایەکی پەیوەندیدار کرد بۆ فۆرمەکان، یاخود جۆرێك لە کۆنستراکشنی بیناسازی. ئەو ئاماژەیەی "سیزان"یش (کە هەموو شتێك لە سروشتدا شتێك نییە ئەندازە نەبێت) خاوەن کاریگەرییەکی گەورە بوو لە

هاندانیان بەرەو بنیات نانی هونەرەکەیان بە شێوەهای ئەندازەیی سەرەتایی وەك شەش پاڵو. هەر لەوەشەوە ناوی "کیوبیزم"[٢] پەیدابوو لەسەر بنەمای گرنگی دانێکی زیاد لە کۆنستراکشن.

لە پێشڕەوانی ئەم بزاوتە هونەرییە پابلۆ پیکاسۆ (Pablo Picasso)ی (١٨٨١) بە نەژاد ئیسپانییە، کە وەك قوتابییەکی بچووك لە بەرشلۆنەوە هات بۆ پاریس. هەروەها جۆرج براك (١٨٨٢) کە هاوسەردەمی ئەو بوو، بە پێشەنگی ئەم بزاوتە دادەنرێت.

سیزان بە شێوەیەکی وردو درێژ باسی لە شەش پاڵووەوە نەکردوە، بەڵکو ئاماژەی بە بنەمای بونیاتنان داوە بە بەکارهێنانی بازنە، قوچەك، لولەك. سیزان لە دیمەنە سروشتییەکانیداو تابلۆ ژیانە وەستاوە دروستکراوەکانیدا جەختی لەسەر ئەم باوەڕەی خۆی کردوە، بۆ نمونە ڕوی سێوێکی بازنەیی دروست کردوە کە دەکرا بیکاتە چەند ڕویەك، وەشاندنی پەڕەموچەکانی گوزارشت لە پتەوی بیناسازی لەشەکان دەکات. دواتر تەکعیبییەکان ڕێڕەوی سیزانیان بەکارهێنا، بەڵام بالاتریان کرد بە هەنگاوی دوورتر. ڕوەکانیان زیاتر کردو ڕێگەیان پێدا لەسەر تەرزێکی ئەندازەیی یەکتر ببڕن لەم بینینەوە هەر شێوەیەکی خاوەن سێ ڕەهەند دابەش دەبوو بۆ چەندەها شێوەی ئەندازەیی کە بە شێوەیەکی هاوڕێتمی لێکچوو یەك بەوی ترەوە پەیوەست بوو، لە

لایەنە زانستییەکەیەوە بە شیکردنەوەیەکی ئاوێتە کە بۆ توخمە سەرەتاییەکانی، یاخود کۆکردنەوەی توخمە سەرەتاییەکان لە ئاوێتەیەکی نوێدا.

لە قۆناغی سەرەتایی تەکعیبیەتی شیکاریدا، هونەرمەند بۆ نموونە گوزارشتی لە دەموچاوێك بە بەکارهێنانی شەش پالۆ لە بنیات نانیدا دەکرد، لەگەڵ پارێزگاری کردنی بە هەندێ سیفاتەوە کەوا دەکات ناسینەوەی شتێکی ئاسان بێت. دواتر هونەرمەند توانی بە خۆبەستنەوە بە بەکارهێنانی یەك ڕەنگەوە بەسەر گرفتی ڕەنگدا زاڵ بێت. هەموو گرنگییەکی ئاراستەی کۆنستراکشنێ دەکرد کە تیایدا گرنگی و بەهای سەرەکی بەدی دەکرد. دواتر هونەرمەند بە شێوەیەکی لەسەرخۆ دەستی کرد بە دەرخستنی جۆرێك لە هاوسەنگی و هاوتایی، لە نێوان جوانی پرۆسێسە ئەبستراکتییەکەو بنەما سروشتییەکەی لێی هەڵهێنجاوە.

- پیکاسۆو کیوبیزم:

پابلۆ پیکاسۆ بە یەکێ لە سەرکردەکانی جوڵەی کیوبیزم دادەنرێت، هەرچۆن بێ هیچ چەندوچون و گومانێك بە مەزنترین کەسایەتی دیارو خاوەن کاریگەریی لەسەر هونەری سەدەی بیستەم دەژمێرێت. ئەمە جگە لەو هەموو کێشمەکێشم و دیالۆگەی کارە هونەرییە فراوانەکانی دەسوورێنێت. پیکاسۆ خاوەن کاریگەرییەکی دوو ڕەهەندە لەسەر تەواوی جیهان لە گشت جۆرەکانی هونەری شێوەکاریدا، ئەمەش لەبەر ڕەسەنێتی کەسایەتی و هەمەجۆری لایەنەکانی و هێزی ئەفرێنەری ئەو، ئەم هێزە ئەفرێنەرەی پێویستی بە لێتوێژینەوەی هەمەلایەنە هەیە. کەسایەتی ئەو زۆر ڕێڕەو و شێوازی پێشکەش کردوین کە قورس و گران دەکەوێتەوە تا بتوانین بیان خەینە ژێر تاقە ڕێڕەوێکی دیاریکراوەوە. بەڵام گرنگی و بەهای مێژوویی ئەو کە doorه لە مشتومڕ کردن لەسەری، دەکرێت لەسەر دوو بنەما پێشکەش بکرێت: یەکێکیان پابەندە بەو ڕۆڵەی لە بردنە پێشەوەی کیوبیزم دا گێڕاویەتی و پرییەتی لە توانای گەورە لە دوا جەنگی جیهانی یەکەمەوە.

ئەدوارد ڤیلارد، کچەلاوێك پیاسە دەكات، ١٨٩٠، ڕۆنی لەسەر کانڤاس، ٨١×٦٥سم

پێر بۆنارد، پێش شێو، ١٩٢٤، ڕۆنی لەسەر کەنڤاس، ٩٠×١٠٦سم

دووەمیشــیان: دەربــاری لــە پێنــاو دانــەنانی هۆکــاری هەســتکردنە لــە میــانی جێبــەجێکردنی میتۆدەکــانیدا. ڕەنگـە سروشـتی هـەڵچوناوی ئـەو بگەڕێتـەوە بـۆ نـــەژادە ئیسپانییەکەی کە لایەنی ئاوەزی و میتۆدی نـەیانتوانیوە لە هونەرەکەیدا بە سەریدا زاڵ بـن. وەك لەگـەڵ هـەندێ لە هونەرمەندە مۆدێرنەکانی تردا ڕویـدا، لەگـەڵ گرنگـی دانــی بــە کێشــەکانی ســنعەت و دروســت کردنەوەشــدا. تەنانەت ئەو بە یەکەمین کەسێك لەوانـە دادەنرێت کـە ئــــەم کێشــــانەیان جولاّنــــدەوەو ئــــارۆژاندوە تــــا چارەسـەرهایەکی نوێـی زینـدوی بـۆ بدۆزنــەوە، ئــەو بـۆ خۆی خاوەن میزاجێکە کە سەر بۆ هیچ ڕێڕەوێکی دەست نیشان کراو نەوی ناکات. پیکاسۆ سەرەتای ژیانی هونەری خـۆی بـە لاسـایی ئاسایی پەیکەرە ئاسـەوارییەکان و بـە نیگارکێشانی مۆدێل واتە (نمونەی زیندو) دەست پێکرد، ئەمـەش جۆرێك لـە پراکتیکی توێژینـەوەی ئەکادیمییە. ئـەو دەمـەی هات بـۆ پاریس ساڵی (١٩٠١)، خـاوەن توانـاو ئاســتێك و گرنگیدانێکــی وەهــا بــوو کــە بتوانــێ ئەزمونەکانی دەست پێ بکـات، بـێ ئـەوەی کـەس وابزانـێ ڕاست ناکات لە هەوڵدانـەکانیدا. لـە نیگارکێشانی هـەندێ دیمـەنی ژیـانی پاریسی جـەنجاڵیان دەنوانـد کەوتــە ژێــر کاریگەری (تۆلۆزلۆتریك)ەوە، بەلاّم هێنـدەی نـەبرد چـوە سـەر کێشانی چـەند دیمــەنێك کــە تیشـکی هــەڵچونێکی بەهێزی دەدایەوە. ئامادەیی پێگەیشتوی لـەو کارانـەیـدا

دەرکــەوت کــە کەســایەتی ئەکتــەرەکان و لێبــۆك و هــەژارەکان و مۆســیقییەکانی تیــا تۆمــار کــرد. ئــەم دیمەنانـەی بـە وردەکاری و خۆهیـلاك کردنێکـی زۆرەوە ئەنجام دەداو ڕەنگی شینی بەکاردەهێنا کە بۆ ماوەیـەکی درێـژ لـە ڕەنگـە شایستەکانی ئـەو بـوە لـە نیگارکێشـاندا. خــەمۆکی بــوە مۆرکــی ئــەم کارانــەی، بــەلام نــەك خەمۆکییەك جۆرێك لە شـپرزەیی و غـەمباری تیـا بێـت کە ئەم دوو حاڵەتە سیمای جیاکـەرەوەی کۆتـایی سـەدەی نـۆزدە بـوون. وا دەردەکـەوێت پیکاسـۆ لـەم کارانەیـەدا توانیبێتـی یەکخسـتنێ لـە نێـوان ئـەو لایەنـە ڕەڤانییـەی "ئـەلگریکۆ" (Elgreco) تۆمـاری کـردوەو ئـەو تاڵییـەی "تۆلۆزلۆتریك" گوزارشتی لێکردوە بکات.

ئـەو پیشانگەیانەی کارەکانی "ڤان کـوخ و گوگـان و سـیزان"ی لـە خۆگرتبـوو لـە پـاریس دەکرانـەوە، لـە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا چەقی گرنگیدانی خەڵکی بوو. کارەکانی ئـەو هونەرمەندانـە توانیـان لـە پرێکدا ئاسـۆی نـوێ بکەنـەوە، سـروش بەخشـێکی خـاوەن کاریگــەری زیندووبوون بۆ نەوەی نوێ. لەم ماوانەدا کەس نـەیتوانی لە دەست کاریگەری "سیزان" دەرچێـت، بـەلام "مـاتیس" و هونەرمــەندانی تــر کــە هاوڕێبــازی بــوون، سەرسـامی ڕێکخسـتنەوە نەخشـی (زەخرەفـی)یـەکانی نێـو کارەکـانی "گوگان" بوون و بە هەڵقوڵینی ڕەنگەکانی ناو تابلۆکانی "ڤان کوخ" سەرسام بوون. بەلام "پیکاسۆ" گرنگیپێدانی

خۆی ئاراستەی قوڵ بوونەوە لە کێشەکانی کۆمپۆزشن و کۆنستراکشن کرد، وەك ئەوەی "سیزان" لە هونەرەکەیدا وروژاندبووی، لەو ڕۆژگارەدا دۆزینەوەیەکی نوێ بوژایەوە لە پاریس لە سەرچاوەیەکی تەواو پێچەوانەوە، کە کاریگەری لەسەر هەمان لە کێشەکان هەبوو، ئەو دۆزینەوەیەش پەیکەری زنجی ئەفەریقی بوو. ئەم دۆزینەوەیە بوە جێی گرنگی پێدان و چاودێری هونەرمەندان و بە دڵگەرمییەوە پێشوازیان لێکرد، هەر چۆن پێش پەنجا ساڵ لەو مێژوە بە هەمان دڵگەرمییەوە پێشوازیان لە چاپەمەنییە یابانییەکان کرد. ئەم گەرموگوڕی و دڵگەرمییە ڕقێکی لەخۆدا هەڵگرتبوو بۆ ئەو پەروەردە زێدەڕۆییەو ئاڵ و واڵا ڕوکەشییەی لە کلتوری خۆرئاوایدا هەیەو وای کردوە لە دەرچونێکی سروشتی ڕاستەوخۆ بێبەش بێت و لە دەستی بدات. هەرچۆن ئەو هەستەی لەخۆ گرتبوو کە زوبانە شێوەکارییەکەی ژیان و مانای ون کردوە. هەڵاتنی "گوگان" بەرەو بەهەشتەکەی لە دورگەکانی دەریای خواروو، بەڵگەیەکە لەسەر ئەم ڕێڕەوە. هەرچۆن هۆکارێك بوو بەخشینی هەوڵێکی زۆر لە پێناو گەڕان لەنێو هونەرە سەرەتاییە بێگانەکاندا بۆ چارەسەرێك بۆ ئەوروپای دەردەدار.

هینری رۆسۆ، خەون، ١٩١٠، رۆنی لەسەر کەنڤاس، ٢٠٤× ٢٩٨سم

پابلۆ پیکاسۆ، ئافرەتانی ئەڤینۆن، ١٩٠٧،رۆنی لەسەر کەنڤاس،
٢٤٣,٩ ×٢٣٣,٧سم

-کاریگەریی پەیکەری زنجی:

گەر بە شێوەیەکی هەرچی زیاتر وردبینانە لە پەیکەری زنجی بدوێین و گوزارشتی لێ بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم جۆری پەیکەرە توانی هێزێ بە دەست بێنێت لە ڕێی بەکارهێنانییەوە بۆ شێوەهای ئەندازەیی سادەکراوەو ڕاشکاو، بەڵام بەلای "پیکاسۆ" و "براك"ەوە ئەم پەیکەرە جەخت کردنەوەیەك بوو لە وانەکانی "سیزان" و یارمەتی دەر بوو بۆ دەرکەوتنی دوا دیمەنێ کە کیوبیزمەکان هێنابوویان، وەك بیرۆکەیەکی دیاریکراوی تەواو. بە دوا ئەمەدا کیوبیزمەکان هەوڵی گۆڕانی ئەم ئەندازە بەرجەستەیەیان دا بۆ ڕوویەکی دوو ڕەهەندی، هونەرمەند لە ڕێی دیراسەکردنەوە توانی دەست پێ بکات. دواتر سەرکەوتنی لە گەیشتن بە (کەرتی ڕوون) بە دەست هێنا کە ڕووبەرە خاوەن شێوە جیاوازەکان و ڕێڕەوە ئەندازەیەکان تیا یەکتر دەبڕن. پەیوەندی نێوان ئەو شێوانە بیرۆکەی سەرەکی کارە هونەرییەکە پێك دەهێنێت. لەسەر ئەمەوە ئەنجامی کۆتایی ڕوو بەرەو دوورکەوتنەوە دەنێت لە جیاکردنەوەی ئەو توخمەی کە گۆڕاوە بۆ هەیکەلێکی ئەندازەیی ڕاگیراو لەسەر بۆشایی، لە بیرۆکەیەکی وادا (هەروەك لای فوفیزمەکان هەیە) گرنگی دان ڕوو لە

میتۆدێکی ئیستاتیکی خاوەن ڕێسای تایبەت بە خۆی دەکات کە جیاوازییەکی هەمەکی هەیە لەو ڕێسایانەی کە ئاسایی جێبەجێ دەکرێت لە لاساییکردنەوەی دیمەنی دەرەکیدا. لە تابلۆی (ژنانی ئەفینۆن)ی پیکاسۆدا (کە لە مۆزەی هونەری مۆدێرنی نیۆیۆرکە ساڵی ١٩٠٦-١٩٠٧) دەکرێ تێبینی کاریگەری پەیکەری ئەفریقی بە ئاشکرا بکەین لە هەموو ئەو ڕوە خاوەن گۆشە تیژانەدا کە بنەما کیوبیزمەکانی تیا لە شێوەی کۆرپەیەکی نێو منداڵدان بە دەردەکەوێت. هەروەها لە تابلۆی (ژنێکی دانیشتوو) (کۆمەڵەی بنروز ساڵی ١٩٠٩) بیردۆزی کیوبیزم ڕسکا و لەم ماوەیەدا نیگارکێشان سەرکەوتنی بە دەست هێنا لە پێشکەش کردنی هۆکاری زەمەن (کات)دا وەك یەکێك لە ڕەهەندەکان. هونەرمەند هەوڵی تۆمارکردنی ڕووی جیاوازی بۆ توخم یاخود دیمەن دا، زۆر لەوە زیاتر کە بینەرێکی ئاسایی بە چاوی خۆی دەیبینێت لە کاتێکی دیاریکراودا. ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیکارت (Descartes) پێشتر لە وتەیەکدا وروژاندبووی کە دەڵێت: "گشت پنتەکان سەنتەرن و دەشێت بۆ تێبینی بەکرابهێنرێن" ئەم بیرۆکەیە بە جێبەجێ کراوی بە شێوەیەکی ئاڵۆز لە نیگاری فوفیزمەکاندا دەرکەوت کە لە چەندەها گۆشەو ڕووی جیاوازەوە لە یەك کاتدا بەرهەم هێنراوە، بەڵام تابلۆی سێ مۆسیقیەکە (مۆزەی فیلادلفیا) دوا ساتەکانی خواستی فوفیزمانەی "پیکاسۆ" دەنوێنێت،

زیاتر بەرەو ڕووکەش بوونەوەو ئەبستراکت چوە. هونەرمەند ئەم سێ کەسایەتییەی لە گۆشەیەکی بەرامبەری ئاساییەوە دروست نەکردوە. بەڵکو وەها لە تابلۆکەیدا دایناون وەك ئەوەی لە هەموو لایەکەوە سەیری کردبن و بیان بینێ. کۆمپۆزشنی کارەکەی لە ئەنجامدا لێوان لێوە بە ڕەنگ و تواناو پتەویی. "پیکاسۆ لە ماتیس" بزێوتر بوو کە خۆی لە هونەرەکەیدا بۆ سادەکردنەوەی شێوە سروشتییەکان تەرخان کردبوو. "پیکاسۆ" هەستا بە تێکشکاندنی شێوە سروشتییەکان لە ڕێی جۆرە تەڤینەوەیەکی بینینەوە، ئەوەش لە پێناو دووبارە ڕێکخستنەوەی پارچەکانی ئەم تەڤینەوەیە بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ویستی ئەودا بگونجێ. "پیکاسۆ" هەمیشە لە پێشڕەوایەتیدا بوەو کۆڵ لە ئەزموون کردن نادات هەتا ئەمڕۆش لەسەر ئەو پەیمانەی خۆیەتی. بە سانایی ناتوانین لە کارەکانی تێ بگەین، هەرچەندە ئەو ڕاستەوخۆ ناوبەناو دەگەڕێتەوە سەر نیگارکێشان و بەرجەستەکردنێ کە شێوەیەکی ئاسایی بنوێنێ. بەڵام تا چەندێ پیکاسۆ دەتوانێت گوزارشت لە هەڵچونێکی قووڵ بکات؟ دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە تابلۆی بەناوبانگی (جۆرنیکا)دا بدۆزینەوە. کە جەنگی ئیسپانی ئەهلی ئەفراندی. هونەرمەند ئەم تابلۆیەی ساڵی (١٩٣٦) کێشاوە ئێستا لە مۆزەی هونەری مۆدێرنە لە نیویۆرك. لەم تابلۆیەدا تۆقین و توندوتیژییەکی وەها دەردەکەوێت کە

تانەیە لەسەر سەردەمی نوێ. لەوێدا پەیوەستییەك هەیە لە نێوان باری تێكشكاوی شـێوەكان و ئـەو وێرانەیـەی كـە مەدەنیەتی نوێمان هێناویـەتی. هـەرچی هێماكانیشـە كـە پرۆسێســی وێرانكارییەكــەیان ڕازاندۆتـــەوە، وێنـــای مۆتەكەیەكــە كاریگەرییــەكی درێــژو دووری لەســـەر هەڵچوونــەكان دەبێـت، زۆر زیـاتر لــە هــەر نیگــارێكی ئـەكادیمی كـە مـرۆڤ بشێت وێنـای بكـات بـۆ دیمـەنێكی وەهـا. گاكـە ئـەو توندوتیژیـە دەنوێنــێ كـە لـە سـیفاتی فڕۆكەوانـــە نازییـــە فاشســـتەكانە، ئەوانـــەی بـــارانی تەقەمـەنییان بەسـەر شـارەكەدا باراند. ئەسـپەكەش كـە بریندارە تا سەر مەرگ هێمایـە بـۆ خـاكی ئیسپانیا، ئـەو كەللـە سـەرەی هـاوار دەكـات و ئـەو دەسـتەی چراكـەی هــەلگرتوە، ئاماژەیــەكن بــۆ ویژدانــی مرۆڤایــەتی كــە ڕووناكی دەخەنە سەر ئەو كارەساتەو مەحكوم و ڕیسـوای دەكەن، لە هەمان ساتدا تێبینی ناڕەزایی لـە هـەر هێڵێك لـە هێڵەكانی ئـەم پێكهاتـە وێرانكـەرە دەكـەین. پیكاسـۆ هەندێ جار بەهرەمەندی خۆی لە مادەی كاركردنەكەیدا بــە وریــایی و زیرەكییــەوە بــەكارهێناوە. لــێرەدا ئـــەوە دەســـەلمێنێت كــە دەتوانێــت هۆكــارە گوزارشـــتییەكانی هاوئاهــەنگی مەبەسـتە جیدییــەكان بكــات، لــە پێنـــاو كۆستێكی بە زەبردا.

ڕێبـازی كیوبـیزم بـە خێرایی لـە بڵاوبونـەوەدا بـوو. ئەندێشەی زۆرێك لە هونەرمەندانی بـە ڕەگـەز جیاوازی

ئەم ڕێبازە بە چەندەها وێنە دەرکـەوت، وەك بـەرەنجامی هەمــەجۆری و جیــاوازی توانــای هونەرمــەندەکان لــە دارِشتنەوەی جیهانی بینراو بــە ڕێگەی جیاجیا. هەندێ جـار هونەرمــەند لەســەر توخمێـك یـاخود ئـەو کەسـە دەمێنێتـەوە کـە سروشـتی کۆمپۆزشـنەکەی لێ وەرگرتـوە. بـە جۆرێك بتوانـرێ بنەڕەتییەکـە بناسـرێتەوە. هـەندێ جـاریش دووبـارە چـەند پارچەیـەکی کەسـەکە یـاخود توخمەکە ڕێك دەخرێتەوە لـە هەندێ لە گۆشـەکانییەوە بـە شـێوەیەکی کاریگـەر. هەندێ جاری تریـش نواندنــی یاخود دەرخستنی گشـتی شـتەکە فـەرامۆش دەکرێـت، لـە بری ئەو ئەبستراکتێکی سەراپاگیر بەدەردەکەوێت.

ئەلگریکۆ، ناشتنی دیوك ئۆرگاز، ١٥٨٦، رۆنی لەسەر کانڤاس، ٨٧ ×١٠٨سم

پۆل سیزان، پیاوێك لە کراسێکی شیندا، ١٨٩٦-١٨٩٧، رۆنی لەسەرکەنڤاس، ٨١×٦٤سم

-براك:

"جۆرج براك" به یه‌كێ له پێشڕه‌وانی كیوبیزمی فه‌ڕه‌نسی داده‌نرێت، هه‌رچۆن یه‌كێك بوه له لایه‌نگرانی فوفیزمه‌كان له سه‌رده‌مانێكی كورتدا. "براك" له پێشڕه‌وه‌كانه‌و لێهاتویی ئه‌و هه‌ر له سه‌ره‌تاوه ده‌ركه‌وت، له هه‌ست كردنی لۆژیكیانه‌ی به كۆنستراكشنێكی دیارو ئاشكراو هه‌ڵبژاردنی ڕه‌نگی جوان و گونجاو. دواتر كاره‌كانی به مۆركێكی ئه‌بستراكتی كه‌مترەوه ده‌ركه‌وتن، توخمه ئه‌ندازه‌ییه‌كان دیار نه‌مان، ناسینه‌وه‌ی ئه‌و بابه‌تانه‌ی گوزارشتی لێ ده‌كردن بوه شتێكی ئاسان. "براك" له‌و كارانه‌یدا كه ده‌رباری (ژیانی وه‌ستاوه) و له پێوانه‌ی بچووكدا دروستی كردون ئه‌و هه‌سته‌ی پێ نه‌به‌خشین كه ئه‌و هونه‌رمه‌ندێكی شۆڕشگێڕه. به‌ڵام ژیانی خۆی ته‌رخان كرد بۆ هونه‌ره‌كه‌ی كه هه‌ستێكی ڕه‌مه‌كی بۆ به‌ها ئیستاتیكییه‌كان پێ به‌خشی و هه‌ڵگری مۆركێكی فه‌ڕه‌نسییانه بوو.

جۆرج براك، مۆمدان ویاری کاغەز لەسەر مێز، ١٩١٠، رۆنی لەسەر کانڤاس، ،٦٠×٥٤سم

فرنارد ليجيه، ئاهەنگ ، ١٩٥٤، ٣١×٢٦ ئينج

-لیجیە:

هونەرمەندەکان بەو ئامادەییە تاکڕەوییە جیاجیایانەی هەیان بوو، توانیان بە شێوەی جیاواز ئەو مەرج و ڕێسا گشتییانە داڕێژنەوە: "فرناند لیجیە" (Fernand Leger) کە هەمان شت هونەرمەندێکی فەڕەنسییە شێوەی لولەکی و قوچەکی بەکارهێنا وەك دەردەکەوێت لەو کارەیدا بەناوی (بانیژە- زیورخ کۆمەڵەی دکتۆر فریدریك). لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەم هونەرمەندە کەوتە ژێر کاریگەری ئەو پەیوەندییەی نێوان شێوە ئەفرێنراوەکانی کیوبیزم، ئەو بەرهەمانەی خاوەن شێوەیەکی ئەبستراکتی بوون و مەدەنییەتی پیشەسازی بەرهەمی هێنابوون. توانی چەندان کۆمپۆزشنی زەخرەفی جیاجیامان بۆ بە ئەنجام بگەیەنێت، لە توخمهایەك کە لە بەرهەمە ئامێرییەکان دەچوو. کەس ناتوانێت کاری ئەو بە هەڵە وەربگرێت و وابزانێ لە کارەکانی هونەرمەندی ئیسپانی "خوان غرێس"ە (Juan Gris) (١٨٨٧-١٩٢٧)، کە ماندۆلین و قیسارەی بەکارهێناوە وەك بیرۆکەیەکی سەرەکی کتومت چۆن "پیکاسۆ" وەهای کرد، بەڵام ئەم ئەو بیرۆکەیەی بە شێوەیەکی بێهاوتا دەرهێناو بە وێنەیەکی کاملْ کە لە هزری خۆی ئەفراندبوی دەرباری کیوبیزم لە چارەسەری

بابەتـــــــە وەســــــــــتاوەکاندا (مەبەســـــــــت بابـــــەتی Still life)ە. هونەرمـــــەندێکی تـــــر هەیـــە بـــە نـــاوی "چینۆسیڤرینی" (Gino Severini) بە ڕەگەز ئیتالییەو لـە هـەموو هونەرمـەندەکانی تـر جیـاوازە بـە بـەکارهێنانی ڕەنگی کاڵی کاریگەر.

هەندێ هونەرمەند ئەوەندەیان نـەبرد دەسـتبەرداری کیوبـیزم بـوون، ئەمـە لـە کـاتێکدا هــەندێکی تریـان کاریگەرییـــەکی تیـــژ تێپـــەڕی تێکـــردن، هونەرمـــەندی فەڕەنسی "ئەندریە دیران" کە نزیـك بـوو لـە "پیکاسۆ" بـەرەنجامی کاریگـەری تـەرزی ئـەندازەیی لــە سـەری بـۆ ماوەیـەك ئـەو ڕێچکەیـەی گرتـەخۆ. "دیـران" ڕەنگـە بـەهێزەکانی بـەکاردەهێنا کـە فوفیزمـەکان بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراو بەکاریان هێنا، بەڵام گەڕایەوە سـەر ڕێگەیـەکی نمایشـکاری لـە نیگارکێشـــاندا ئـــەو دەمـــەی کاریگـــەری "سـیزان" و هـێزی کیوبیزمـەکان و سەرسـامبوونی پێیـان بەری دا.

-لە کیوبیزمەوە بەرەو ئەبستراکت:

خوێنەر لە میتۆدی کیوبیزمدا ساتێ دەگاتە کۆتاییەکەی، ئەوە بە دی دەکات کە دەشێت ببێتە مایەی چون بەرەو ئەبستراکتێکی تەواو و لەم ڕۆژگارەماندا پەیرەو دەکرێت و پێی دەوترێت هونەری نابابەتی یاخود هونەری پەتی. ئەم هونەرە هەموو پابەندییەك بە ڕووکەشی سروشتییەوە ڕەت دەکاتەوە. هیچ توخمێك بەکارناهێنێت بتوانرێ بناسرێتەوە، تەنانەت وەك شتهایەك بکرێ دەستی پێ بکرێت. ڕیتم لە هێڵ و ڕەنگدا بە پێی ئەم ڕێبازە زێدەڕۆیە، پێویستە گوزارشت لە هەستی ئیستاتیکی هونەرمەند بکات بە شێوەیەك کە لەوە دەچێت لە مۆسیقادا ڕوودەدات. پێشەوای ئەم هونەرە ئەبستراکتی (تجریدی)یە "واسیلی کاندنسکی" (Wassily Kandinsky) ڕوسییە (١٨٦٤-١٩٤٤) کە خاوەن کاریگەرییەکی مەزنە لەسەر نەوەیەك بە گشتی لە هونەرمەندان، هەتا ئەمڕۆش ئەبستراکتییەکان لەسەر ئەوە دەژین کە لەوەوە بۆیان ماوەتەوە. یەکەمین کاریگەری هزری ئەم هونەرمەندە ساڵی ١٩١٠ دەرکەوت، وەختێ کتێبێکی دانا دەربارەی توخمی (ڕوحی) لە هونەردا ئاڕاستەی هاوڕێیانی و لایەن گیرانی کرد.

چینۆ سیڤرینی، کارگوزاری نەخۆشخانە، ١٩١٥، ١١٧×٩٠سم



جۆرج رووە، لێبوك، ٣٤×٥٠سم ،رۆنی لەسەر بۆردی مقەبا

-بزاڤی تەعبیریەت (ئێکسپرێشنیزم):

نیگارکێشانی پەتی دەکرێت توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت، وەك یەکێك لە دیاردەکانی بزاڤی تەعبیریەت کە لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی هاوکات بوو لەگەڵ هەردوو ڕێبازی فوفیزم و کیوبیزم لە فەڕەنسا. کێشەکە وەها بەدەرکەوت وەك ئەوەی ئەم هەوڵە یەکخراوانە ئاماژەیەك بێت بۆ هونەرمەندانی ئەوروپی، تا شۆڕش بکەن بەسەر شێوازە زانراو و ناسراوەکانی نێو نیگارکێشاندا. ڕێبازی تەعبیریەت سەرباری ئەوەش ئاوێنەیەکی دڵەڕاوکێ و گرژی و ئازاری بڵاوی نێو تاکە کەسە هەستیارەکانی کۆمەڵگەی نوێ بوو. ئەو هەڵچونانە زیاترین شتێك بوو کە هونەرمەند، ئەو هونەرمەندەی سەنتەرێ بوو بۆ گرژییە دەمارگیرییەکان گوزارشتی لێ دەکرد، سەرنجی بۆ ئەو ئازارانە ڕادەکێشا کە ڕووداوە ڕامیارییەکان دەیخەملێنن، هەرچۆن بێ بڕوایی ئاشکرای هونەرمەند بە ڕژێمی ناسراو و گەڕانی هەمیشەیی بە دوای ڕێڕەوێکی نوێدا کە لێی دواین لە فەرەنسادا، یارمەتیدەر بوو لە هەرچی زیاتر دەرکەوتنی هەڵچونەکانی هونەرمەند. ئەمە سەرباری وەرگێڕانی ئەم هەڵچونانە بە شێوەیەکی ڕوون بۆ تێڕامانی جوانی پەتی. شێوە یاخود فۆرم لە ڕووی گرنگیی پێگەیەکی پلە دووی

وەرگرت لای هونەرمـەند. شـتێك لـە ئـازاردان و نـەبوونی هاوڕێکی ناوەکی و هەستکردن بـە قورسایی لـە کارەکانی هونەرمەندە تەعبیرییەکاندا دەرکەوت کە لـە هەوڵەکانی کۆتـایی ژیـانی "ڤـان کـوخ" سـودمەند ببـوون یـاخود لـە "ئـەدوارد مۆنـش" (Edward Munch) (١٨٦٣-١٩٤٣). ئـەو هونەرمەندانە ئاڕاستەیان بەرەو ڕاسـتگۆیی بینـین نـەگرت. بەڵام جەختیان لەسـەر هـەڵچوونێکی تراژیدیانـە دەکـرد، لـە سیماکانی ئـەم هونـەرە: گۆڕینـی ئاڕاسـتەکانی هێڵـی پـەرەموچ بـۆ وەشـاندنی لـە پـڕو پـەیت کـراوە، ڕەنگـە بەهێزەکان لە پێکهاتەکانی نێو فوفیزمەکان، گەیشـتن بـە سادەیی منالی، شێواندنێکی دیار کۆمەڵی پرد (دی بـرۆك Die Bruke) کە ساڵی ١٩٠٥ دامەزراوە لە درسـدن دیـارترین نمونـەی ڕێبـازی تەعبیریـەتن، لـە نێـوان ئـەم کۆمەڵەشـدا "ئیریك هیکل" (Erick Heckel) و "ئارنست لودڤیـج" (Ernst Ludvig) و "ماکس بشتین" (Max Pechstein).

لـــە کەســـایەتییە دیارەکـــانی نێـــو تەعبیرییـــە ئەڵمانییـەکان "ئۆسـکار کۆکۆشـکا"ی نەمساوی و (Oskar Kokoschka) هونـــەرە ناجێگیرەکەیـــەتی، توندوتیـــژ لـــە ڕەنگـەکانیدا، ئـالۆز لـە کۆمپۆزشـندا، هـەرچۆن خـاوەن بەهایەکی تراژیدی کاریگەرە. ئەو چوارچێوە ئاوەزییـەی کە کاری تەعبیری بە گشتی پێوەی دیـارە، وای لێ دەکات وەك لـە نـاوچوو بەدەرکـەوێت لـەو ماوەیـەدا کـە "هتلـر" فـەرمانڕەوایی دەکـرد. چـۆن خـاوەنی ئـەم کارانـە بـەر

هەموو جۆرە ئازاردان و لـەناوبردنێك دەكـەوتن، ئەمـەش ئـەوەمان پیشـان دەدات تـا چ ڕادەیــەك ئـەم كارانــە بــە شــێوەیەكی ناڕاســتەوخۆ گوزارشــتیان لــە ڕەخنــە كۆمەڵایــەتی و ڕامیــاری كــردوەو تــا چ ڕادەیــەكیش فـەرمانڕەوا نازیـەكانی ئـەڵمانیا بـە تونـدی ئـەم جـۆرە كارانەیان ڕەت كردۆتەوە. ئەوەش یەكێكە لە لایەنـەكانی خواستی تەعبیریـەت كـە مـرۆڤ تیـایدا ڕۆڵێكـی گرنـگ دەبینێت، بەڵام ڕۆڵێكی تراژیدی.

ئەدوارد مۆنش، خەونیشەوێکی هاوین،١٨٩٣، رۆنتی لەسەر
کانڤاس،٨٧×١٠٨سم

ئۆسکار کۆکۆشکا، دووخۆشەویستی روت، ١٩١٢،رۆنی لەسەر
کانڤاس، ١٦٣×٩٧سم

-لە تەعبیریەتەوە بۆ ئەبستراکت:

لایەنێکی تر هەیە کەمتر توندی لە خۆ دەگرێت لە لایەنی هەڵچونەوەو پەیوەستە بە شیعر و مۆسیقاوە تا رادەیەك، "کاندنسکی" و لایەنگرەکانی نمونەی ئەم لایەنەن کە سەر بە کۆمەڵێکن بە ناوی سواری شین "دربلوریتر" (Der Blaue Reiter) ساڵی ١٩١١ لە میونخ دامەزراوە، هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵە ئەزمونگەری نەبوون لە رێبازیاندا، بەڵام پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بە هاوسەردەمە پێشکەوتن خوازە فەرەنسییەکانییەوەی بەستبوونەوە وەك "ماتیس" و فۆفیزمەکان و "جۆرج رووە" (کە دادەنرێت بە نیگارکێشێکی فەرەنسی ئازادو تەعبیرییەکی پەیت) و پیکاسۆ و براك" و کیوبیزمەکان لە نێوانیاندا "رۆبرت دیلانۆی" (Robert Delauany) ١٨٨٥-١٩٤١ کە تابلۆی (بورجی ئیڤل)ەکەی شاری بازل مۆزەی (کۆنست) دادەنرێت بە نمونەیەکی جوان لە تەرزی کارکردن و زیاتر شاعرییە لە هاوڕێیانی باوەڕی کیوبیزمی، لەسەر ئەوەشەوە بە زیاترین هونەرمەندێ ناوزەد دەکرێت کە پەیوەست بێت بە تەعبیریەکانەوە لە میونخ، بەڵام "فرانزمارك" (Franz Marc) (١٨٨٠-١٩١٦) کە توانی بە هاوکاری "کاندنسکی" پرۆگرامی تەعبیریەت ببوژێنێتەوە، بێ هاوتا بوو لە تەرزی کەسێتیدا هەوڵی

ئـەوەی نـەداوە شـتە دیـارو سروشـتییەکان لـە کارەکــانیدا بشارێتەوە کـە بـە گیانـەوەران و دیمـەنی سروشـتی پــڕی کردونەتەوە، بەڵام گرنگی سەرەکی داوەتە ئەو هەستانەی دیمەنــەکان دەیجولێنــن، هــەوڵی داوە جیــهانی نــاوەوە وەرگــێڕێ بــۆ هەســتەکان بــە بــەکارهێنانی ڕێککەوتنــە ڕەنگییەکان و هێڵە ڕیتمییەکان بە شـێوەیەکی ڕێـك وەك ئەوەی لە مۆسیقادا ڕوودەدات. ئەوەی جێی سەرنجە چۆن ئامانجەکان و هۆکارەکانی هونەرە جۆراوجۆرەکان گۆڕاون، تەنانەت نیگارکێشەکان دەستیان کرد بە گەڕان لـە شـوێن کاریگـەری مۆســیقا. لـە کـاتێکدا ئاوازدانــەرەکان هــەوڵی بەخشــینی وێنەیــەکی دەنگییــان دەدا، شــاعیرەکانیش هەندێ جار دوور دەکەوتنەوە لە مانا زەینـی و ئەدەبییـە پەتیــەکان و وێنــە شــێوەکارییەکانیان لا پەســەند بــوو یـاخود تەنـها جوانـی دەنگێکـی ڕێکخـراو. دەکرێـت ئەمــە ئەوەمان بۆ دەرخات چۆن هەموو هونـەرەکانی ماوەیـەکی زەمەنی هەوڵی دەرخستنی بەها هاوبەشەکان دەدەن.

-كاندنسكی:

"کاندنسکی" کە بە گەورەترین هزرمەندی هەستیاری سەردەمی خۆی دادەنرێت، وا دەزانێت میتۆدی گشتی شێوە و ڕەنگ دەکرێت وەك ڕێسای مۆسیقا بیری لیٚ بکرێتەوە، بە پێی بۆچونی "کاندنسکی" وێنە دەبێت بەرهەمی سروشتی ئەندێشە بێت و سەراپا ئازاد بێت لە هەموو جۆرە واقعیەتێکی دەرەکی و بە هەمەکی ئاراستەکراوی هەستەکان بێت. ئەم ئاراستە ئالۆزو نالۆژیکیە بەرەو هونەر، ئەم هەولانە بۆ وێنەکردنی جیهانی نەبینراو لە هێماداو لە شێوە ڕەنگی و هێڵییەکاندا، "کاندنسکی" گەیاندە ئەفراندنی چەند تابلۆو کۆمپۆزشنێك دامەزراو لەسەر ڕێکەوت. تەنانەت گۆڕینی کیوبیزمەکانی بۆ ڕەهەندەکانی سێهەم نەگرتەخۆ، یاخود هێشتنەوەی توخمە سەرەتاییە زانراو و ناسراوەکان. دواتر نیگارکێشانی ئەبستراکتی بە شێوە پەتیەکەی لە سەرسامبونیەوە بەم ڕێڕەوە سەرچاوەی گرت.

رۆبرت دیلانۆی، کچێکی روت دەخوێنێتەوە، ١٩١٥، رۆنی لەسەر
کانڤاس ،٥٤×٤٢ ئینچ

فرانز مارك، گورگەکان، ١٩١٣، ڕۆنی لەسەر کانڤاس ،٢٧ × ٥٥ ئینچ.

-کلی:

هەر دوای ماوەیەك هونەرمەندی سویسری "پول کلی" (Paul Klee) (١٨٧٩-١٩٤٠) بەدەرکەوت کە خۆی بە بیروڕاکانی "کاندنسکی"یەوە بەستبۆوە. بەڵام "کلی" لە تابلۆکانیدا پابەندییەکی هەستیاری دەرخستوە بە جیهانی واقع و ئەندێشەوە. هەرچی چەندێ "پۆل کلی" کارایی بەم چوارچێوەیە دابێت، هێندە ڕێی بۆ بەرهەڤ بوونی نەست خۆشکردوەو لە هەوڵی ئەوەدا بوە بە ڕەمەکی نیگار بکێشێ وەك چۆن منال دەیکات و لە زۆربەی کاتەکاندا دەگات بە ئەنجامی ساویلکانە هاوشێوەی بەرهەمی منال، بەڵام لە دووتوێیدا بە ئاشکرایی بەهای پێگەیشتوو بۆ هێڵ و ڕەنگ لەخۆ دەگرێ، بە پێی ئاوەزی ئەندێشەیی "کلی" هەموو شێوەو ڕووبەرێك بێ ئامانج دادەنرێت، بەڵام زۆرجار سروشتی کەسێك یا شێوەیەك یا ڕوپەك یا دیمەنێکی سروشتی یاخود باخچەیەك دەدات، بە شێوەیەکی پێکەنیناوی ئاماژە بەوە دەدات لە ناونیشانی تابلۆکانیدا.

پۆل کلی، دۆن جیوڤانی باڤاری، ۱۹۱۹، بۆیەی ئاوی و مەرەکەب لەسەر کاغەز، ۸۷ × ۸۷ ئینج.



ڤاسیلی کاندنسکی، نیگارکێشان بە خانوو، ۱۹۰۹، ۹۸ × ۱۳۳ سم.

-مۆندریان:

"پیت مۆندریان"ی هۆڵەندی (Piet Mondrian) (١٨٧٤-١٩٤٤) کە ساڵانێکی زۆر لە پاریس ژیاو دواتر ڕۆژانی دوایی تەمەنی چوە نیویۆرك و ناوبانگێکی گەورەی لە گۆڕەپانی هونەری نابابەتیدا پەیداکرد، توانی لە کۆمپۆزشنەکانیدا خۆی بە ڕێسایەکی (ئەسبرطی) توندوتۆڵ شەتەك بدات پێکهاتوو لە ڕاستەو لاکێشەو ڕوە خاوەن گۆشە وەستاوەکان، کە بە ڕەنگی سەرەتایی پڕی دەکردنەوە. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشێ کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە: لە پشت شێوەکانی مۆندریانەوە چ بیرۆکەیەك هەیە؟ کە نیگارکێشانی ئەبستراکتی هەوڵی گوزارشت کردنی بە مەبەست دەدات لە وێنە ڕێکخراوەکانیدا، کە خاوەن ڕەنگ و گۆشە وەستاوەکانە، خۆلادان و گێل کردنمان و دانپیانەنانمان بە هەموو دەوڵەمەندییەکی هەمەجۆر کە بە چاوی خۆمان دەیبینین لە ژیانماندا، یان بە پەرچەکردارێك دادەنرێت دژ بە مادیەتی سەردەم، یاخود بە دواداچونێکی ڕەخنەگرانەی ئەم مادیەتەیە، ئەم ڕەخنەیەش مانای ئەوەی مرۆڤ تەنها مادە نیە بەڵکو ڕۆحە پێش هەموو شتێك.



پیت مۆندریان، کۆمپۆزشن ژمارە هەشت، ١٩٣٩، ڕۆنی لەسەر
کانڤاس، ٧٤ × ٦٧ سم.

ئەمبرتۆ بۆتشیۆنی، شەقامەکە لەنێو ماڵەکەدا، ڕۆنی لەسەر
کانڤاس، ١٠٠ — ١٠٦ سم.

ڕێبازی ئەم هونەرمەندە لە سێ بەشی نیگارکێشاندا دەبینین کە بۆ بابەتێکی دروست کردوە، لە وێنەی یەکەمدا هەموو گرنگی پێدانی لە دەرخستنی دیاردەی دەرەکیدا بەکارهێناوە، دواتر دەبینین کاریگەری ڕێبازی کیوبیزمی لە سەرە، شێوەکان و ڕەنگەکانی ڕێکخستوە بە شێوەیەك بڕوای وایە ئەوە بنەمایەکە کە دەبێت تابلۆ لەسەری بڕوات.

-بزاڤی فیوچەریزم (موستەقبەلیەت):

فیوچەریزم لە ئیتالیاوەو بە ماوەیەکی کەم بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد. لە سەرەتایدا سەرسام بوو بە ڕێبازی کیوبیزمی پاریسی. ئەم بزاڤە لە دووتوێیدا ئاماژەی تێکچوونێکی ڕۆحی و شۆڕشێك دژی شارستانییەتی سەدەی بیستەمی بڕست لێ بڕاو هەڵدەگرێت. فیوچەریزمەکان لە ژێر سەرکردایەتی مارتینتی شاعیردا (Martinetti) خواستی پابەندبوونیان بە هیچ ڕێسایەکەوە نەبوو. بە توند دژ بە هەموو ئاراستەیەکی ڕابوردوو هەڵگەڕانەوە، بە پێی ئەم ڕێڕەوە وێرانکەرە، پێویستە ڕێسای ئەفرێنراوی پیادەو پێودانگە مێژووییەکان و مۆزەکان و کتێبخانەکان و ئاسەوارەکان لەناوببرێن. ئەمانە سەراپا دەبێت لاببرێن و فیوچەریزمەکان جەختیان لە بەهای خێرایی و هێزو ئامێرەکان و جەنگ کردەوە، لەبەرئەوەی شارستانیەتی

نـویٚ لەمـەدا بنیـات نــانی خــۆی دەبینێتــەوە. بــەڵام لــە لایـــــەنی ئامـــــانجی ئیســـــتاتیکی فیوچەریزمەکانـــــەوە ئاراستەیان تەعبیریانە بوو؛ وێنەی گەرم خۆشەویستی بۆ جوڵەو دینامیکیەت (دینامیکیەت لە وتە خۆشەویستەکان بوو لایان) وێنەیان کردوە بۆ نمونـە بـە کەسێکی جوڵاو، جوڵە جیاوازەکانیان گرتوە یەك لەدوایەك و خستویانەتە ســـەر یــــەکتر وەك چــۆن لـــە بەدوایـــەکتر هـــاتنیدا دەردەکەوێت.

لــــەم ئاراســـــتەیەدا ئەمبرتۆبۆتشـــیۆنی (Imberto Boccioni) ١٨٨٢-١٩١٦ فیوچـــەری توانـــی هـــەندێ کـــاری هونەری بـەدی بێنێت کـە هێزو تونـدی لـە خـۆ گرتبـێ. بەڵام فیوچەریزم زۆر نەژیا چون لایەنـە سـەربازییەکەی وای لێکرد فاشیەکان بەلای خۆیاندا بیبـەن، ڕێبازگـەلێکی تر شوێنیان گرتەوە کـە هـەندێ پەیوەسـتی بـە بیرۆکـەی یەکەمییەوە مابۆوە.

-تشیریکۆ:

کارەکـانی "جیۆرجیـۆ دی تشـیریکۆ" (Giorgio de Chirico) لـە ئاڕاسـتە ئیتالییــە دیارەکانــە. لـەم کارانــەدا کەسانێك دەبینین دیمەنێکی ئامێرییان یەکەی ئەندازەیی و چەندان بەش لە بیناو خانورەبـەرەو هـەندێك توخمـی دژ بەیەك کە یەك لە پالْ ئەوی تردا دانراون وەك ئەوەی لـە خــەوندا بێـت، ئەمــەش بــە هــەلْچوونێکی قـورس و کاریگەرییـەك بـە گــران بەرگــەی بیگرێـت. ئـەم کارانــە هەندێ شت دەلێـن کـە نیگاری مۆدێـرن جیادەکاتـەوە لـە بـێ هاوتـاییدا، لــە ڕووی مێژووییشــەوە خــالّی پێکــەوە گرێدانی بە یەك گەیشتنی هەردوو ڕێبازی فیوچەریزم و ســوریالیزمە. هەڵەیــە گـەر وەك کـارێکی سـوریالی لێــی بدوێـــین، وەهـــاش دەرناکـــەوێت کـــە ئەندێشـــەکانی "تشیریکۆ" لـە عــەقلّی نـاوەوەی ســەوز بووبێـت، بــەلاّم ڕاســتر وایــە بلێــین "تشــیریکۆ" هــەولّی داوە ئەفســونی جیهانی دەوروبەری و نادیارییەکەی دەربخات.

جیۆرجیۆدی تشیریکۆ، ئاریادن، ١٩١٣، مەرەکەب و زەیت لەسەر
کانڤاس، ١٣٥ × ١٨٠ سم.

جیمس ئانسۆر، هاتنە ژورەوەی مەسیح بۆ برۆسێلز، ١٨٨٩، ڕۆنی لەسەر
کانڤاس، ٩٩ × ١٦٩ ئینج.

-سوریالیزم:

هەرچی سوریالیزمە شێوەیەکی دیاریکراوی وەرنەگرت تا ساڵی (١٩٣٠)، بەڵام خاوەن ڕەگ و ڕیشە بوو لە ڕێبازی دادا (Dadaism)کاندا ساڵی (١٩١٧) کە بەتاڵی جەنگ ڕەنگ کرابوو و گاڵتەی بە هەموو هەوڵێك جیدی و ئایدۆلۆژی دەهات، لە میانی ئەوانەشدا ئەو بیرۆکانەی دەربارەی (هونەر) بوون، تەنها لە دابڕاندنی توانا لە بیرکردنەوەدا جیدی بوون لە پرۆسێسی گوزارشت کردن لە نیگارکێشانداو نووسین و هەتا لە ڕێکخستنی هەڕەمەکی لە توخم و دیاردە جۆراوجۆرەکاندا. جیهانی "تشیریکۆی" میتافیزیکی لانکەیەکی سوریالیزم بوو هەرچۆن بوە لانکەیەکیش بۆ کارەکانی هونەرمەندی بەلچیکی "جیمس ئانسور" (James Ensor) (١٨٦١-١٩٤٩) کە بە سروشتی خۆی لایەنگری بیری ئەندێشەیی گاڵتەجاڕی بوو، و توانی کاریگەری تەعبیرییەکان تێپەڕێنێت و بە ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی بەکاری بێنێ و سودی لێ وەرگرێت. وەك ئەو حاڵەتەی لە تابلۆی (مەسیح دێتە بروسێلز) و لەو دیمەنە ترسناکانەیدا کە پڕن لە بوکەڵەو هەیکەلی بزۆك و کەسایەتی گاڵتەجاڕی نەناسراو "ئانسۆر" بە پیر خەونێ بێزارکەری سوریالییەکانەوە چوو، ئەو زۆر جار بەهایەکی وێنەیی ڕاستەقینەی لە

کارەکـانیدا پیشـان دەدا، بـەڵام بـە ڕەنگـی ناسـكو نائاسایی، لێوان لێو بەرێکەوتنێکی دەوڵەمەندی جوان. ئەمە لە ساتێکدا کاری سریالیەکان خۆیان لە ئەدەب نزیکتر بوو وەك لە نیگارکێشانێکی ڕاستەقینە. جیهانی ئەندێشەیان لەسەر بیرۆکەی نەست دامەزرابوو پابەند بە میتۆدەکانی "فرۆیدەوە". دەکرێت هاوشانی خەونەکانی ئەوان بە بەرجەستەکراوی لە نیگارکێشاندا بە گوزارشت کردنەکانی "جیرۆم بوش" (Jerome Boch)ەوە ببینین لە کۆتاییەکانی سەدەی ناوەڕاستدا. لە یەکێ لە تابلۆ لێوان لێوەکانیدا بە ترس کە لە شێوەیەکی چۆڵەوانیدایە، تاوەری تیایە کە لەسەر پێی ژنانە دەڕوات، و سەری مرۆڤ لە قەدی درەخت ڕواوە و بونەوەری ناسروشتی دەموچاو کوێرەوە بوو چەندان هەیکەل کە لە پەیژەو شەڕواڵ پێك هاتوون، ئەمانەن دانیشتوانی تۆقێنەری دیمەنەکە. هونەرمەند سەراپا ئەو وێنانەی دوور نەخستۆتەوە لە جیهانەکەی کە ترسناکن و پەیوەستن بەو ورێنەو گرێ دەرونیانەوە کە لە گەڵیدان. نیگارکێشانیش وەك لایەنێکی سوریالیەت هاوشێوەی فیوچەریزم ڕووی لە باوەشکردنی هەموو ژیانی مرۆڤایەتی و ئایدیۆلۆژییەکانی کرد، هەرچۆن نووسەری فەرەنسی "ئەندریە بریتۆن" ڕوونی کردۆتەوە هەوڵێك بوە بەرەو ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلەیەتی، لە ڕێی ئازادکردنێکی ئاوەزییەوە، سوریالیەت لایەنێکی گوزارشتی

ئـەدەبی و شـــاعیری هەیـــە کـــە ڕووی لـــە نووســـینێکی ئۆتۆماتیکییـە نمونـەی چـالاکی عـەقڵی ناوەکییـە بـەبێ کۆنتڕۆڵ کردن. ڕێبازی سوریالیزم گرنگی بـە دۆزینـەوەی جۆرێـك لـە نـامۆیی دەدا لـە توخمـە سروشـتییەکانیداو ڕاکێشانی سـەرنج بـۆی. وەك وروژانـدنـی ئاگـا دەربـاری ڕەگـەکانی درەختێکی نـەزانـراو، ئەمـەش شـتێکە شـایەنی نیگارکێشان و دەکرێت نوێنەرایەتی هونەر بکات.

ڕێبازی سوریالیزم لەلای هونەرمـەند "سـلڤادۆر دالی" (Salvador Dali) (١٩٠٣) ئامادەیی ڕەسەنایەتییەکی دی بـە خۆوە، ئەو لە ئوستادی سنعەتە، توانی بە شـێوەیەکی بێ وێنـــە دەریخـــات و کارەکـــانی هـــەڵگری خەونـــەکان و باوەڕەکانیەتی دەرباری جیهان، هونەرەکەی ڕێچکەیـەکی ئەدەبیانـەی گرتبوو زیـاتر وەك بینینکاری. دەشێت بـــە ژیانەوەیـەکی ڕۆمانتیکیـەت دابـنرێت کـە لـە شـێوەیەکی نوێی ترسناکدا خۆی شاردبێتەوە.

جیرۆم بوش، مەسیح خاچی هەڵگرتووە، ١٤٨٠-١٤٩٠، تەختە، ٥٧ × ٣٢ سم.

سلڤادۆر دالی، فەزای حەوا، ١٩٧٢، ڕۆن لەسەر کانڤاس، ٥٨،٧ × ٧٦، ٣ سم.

-شاگال:

هونەری "مارك شاگال" (Marc Chagall) خەسڵەتێکی جیاوازە، توخمێکی بینین کاری و جوانی پەیت لە خۆ دەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا نەست ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. ئەم جولەکە ڕوسییە هەستیارە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە خەریکی گرنگی دان بوە بە جیهانی شارراوەی پشت هەست، کە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، تەوەری داهێنان بوە لەلای سوریالیزمەکان. شاگال ساڵی ١٩١٠ گەیشتە پاریس لە ساتێکدا هەردوو ڕێبازی کیوبیزم و فوفیزم لە چڵەپۆپەیاندا بوون، بەڵام ئەو وێنەیەکی غەمباری لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو تا دووری لە وڵاتەکەی پێ بلاوێنێتەوە.

بە تایبەت شوێنی لە دایك بونەکەی ویتبسك (Witabsk) ئەو ناوچەیەی پڕی بوو لە بیناسازی جیاواز و ژیانە لادێییەکەی و هونەرە میللییە ڕازاوە بە ڕەنگەکانی، و پیاوە پیرەکانی بە ڕیشی درێژەوە و کەنیسە بچووکە خاوەن گومەزە بێزەنتییەکانی کە خاوەن مۆرکێکی حەلەزونی بوو. "شاگال" توانی هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکتردا پێکەوە گرێ بدات و بە شێوەیەکی کارامە و بە ڕێگەیەك چیرۆکێکی ئەمینمان بۆ دەگێڕێتەوە. خاوەن شێوازێکی ساویلکانەیەو سیفەتێکی نالۆژیکیانەی

هەیە وەك ئـەوەی لـە خەونـدایـە یـاخود لـە چیرۆكـە خورافیەكاندا. جیهانی ئەو پڕە لە ئەندێشـە، لێوان لێوە بـە ئەگـەرەكان لـە جیـهانی منـاڵان دەچێـت كـە تیشـكی ڕۆحێكـی ڕاسـتگۆیانە دەداتـەوە. هەرچـەندە "شـاگال" واقعیەتی بە ناواقعیەت تێكەڵ كرد، بـەڵام لـە كارەكـانیدا ئەندێشەی توندو وێرانكەری پیشان نـەداین یـاخود هێمـا سێكسـیيەكان و ئـەو ئەگـەرە تاكڕەوییانـەی "دالی" و كەسانی تـر لـە سـوریالییەكان پیاهـەڵیان دابـوو. ڕەنگـە كراوەكـانی و تـەرزە شـادمانەكەی كـە كاریگـەری هیـچ كەسـێكی تیـا نـەبوو، هـەندێ جـار داهێنانـەكانی بەختەوەرییـەكیان لەگـەڵ خـۆ هـەڵگرتبوو جۆرێـك لـە وڕێنەی سەر بە هونەرە میللییەكانی كردبوە ناوەڕۆك.

-بزاڤی مۆدێرنیتی له ئینگلتره:

لەو شاتانەی جێی سەرسوڕمانە ئینگلترایەك کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە هەوڵی یارمەتی سەرهەڵدانی هونەری مۆردێرندا بوو، لە ڕێی هونەرمەندانی وەك "کۆنستابل" (Constable) و تێرنەر (Turner) و بۆننجتن (Bonington)"، بە دوور مایەوە لە گەشەی ئەم هونەرە لە ئەوروپا، ئینتباعیەت لە ئینگلترە لە ساڵی ١٨٩٠ دواتر مەسەلەیەکی جەدەلی بوو بیرورا لە سەری دەست نیشان کراو نەبوو، بەڵام ئەو ساڵانە لە مێژ بوو پاریس ئینتباعیەتی بەجێ هێشتبوو. لە ساڵی ١٩١٠شدا پیشانگەی ئینتباعیی کە لە لەندەن کرایەوە شتێك بوو سەرسوڕهێنەر. ئەم پێشەنگایە جوڵەی خستە نەوەیەکەوە کە لە ئەندێشەکانی "بیرن جۆنز" (Burne Jones)دا گەشەی کرد و بەرجەستە بوو، تا ئێستاش ئەو هونەرمەندێکی وەك "هویسلر" بە کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی هونەریی دادەنێت. ئەم پێشانگەیە ڕێی بۆ ئاڕۆژانێکی پێویست کردەوە لە سەرەتای سەدەدا نیگارکێشانی بریتانی شێوەیەکی نوێو هەرچی بە پێزتری بەخۆوە دی، هەروەها سودی لە پەیوەندییەکانی بە ئەوروپاوە وەرگرت.

مارك شاگال، پاریس لە پە نجەرەوە، ١٩١٣، ڕۆنی لەسەر كانڤاس،
٥٣ × ٥٥ ئینچ.

ئۆگستس جۆن، جۆزیف ئی، ١٩٢١، ڕۆنی لەسەر كانڤاس،
١٢٤ × ١٠٢ سم.

لە ڕاستیدا لە ئینگلترە پێش ساڵی ١٩١٠ دوو هونەرمەندی خاوەن پێگە لە نێوان هونەرمەندە کلتییەکاندا دەرکەوتن، یەکەمیان "فرانك برانجون" (Frank Brangwyn)ە کە بە کارە نەخشاندنەکانی (زەخرەفی) لە سەراپای جیهاندا ناسرا. دووەمیشیان "ئۆگستس جۆن" (Augustus John)ە هونەرمەندێکی دیار و بە توانایەو پابەندی ڕێسا کلاسیکییەکانە، بەڵام وەك دەردەکەوێت لە ڕێی سروشتی خۆیەوە شتێکی خستۆتە سەر زیندویەتی ڕێبازی ئینتباعیەت و بەرفراوانییەکەی. "ولسن ستێر" (Wilson Stear)یش (١٨٦٠-١٩٤٢) بە یەکێك لە نوێنەرانی ڕێبازی ئینتباعیەت دادەنرێت کە خاوەن کاریگەری و گرنگی خۆیەتی لە دەرەوەی فەرەنسا. دوای توێژینەوەکردنی لە پاریس و سەرسام بوونی بە کارەکانی "سیزان"، توانی برەو بە ڕێسا هونەرییە بریتانییەکان بدات کە هەرکام لە "کونستابل و جینزابرا" جێیان هێشتبوو، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی.

لەو هونەرمەندانەش کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر نیگارکێشە لاوەکان هەبوو هونەرمەند "ولتر سیکرت" (Walter Sickert) بوو (١٨٦٠-١٩٤٢) کە سارسامییەکی زۆری هەبوو بە "دێگا". بەبێ فرامۆش کردنی سود وەرگرتن لە ڕەخنەی دوا پێشکەوتنەکانی نیگارکێشانی فەرەنسی. هەرچۆن توانی هونەرمەندانێکی زۆر هان بدات گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن، بە شێوازێکی تایبەت بە خۆیان و

بــە لێپرســراوی پێکــهاتنی کۆمــەڵی کــامیدن دادەنرێــت (Cameden Town Group) کـە بــەهای خــۆی هــەبوو لــە وەرگێڕانی بیروباوەڕەکانی "سیزان و گوگان و ڤان کوخ"، وەرگـێڕانێکی ناوخۆییانـە. لـەو ســەردەمەوە قوتابخانــەی ئینگلیزی پێگەیشتوو لـە هـەموو ڕێچکەیـەکی نوێــدا تــا هونـەری ئـەم چل ساڵەی دوایـی ڕۆڵـی خــۆی دەبینێـت. بەڵام "ویندهام لویس (Wyndham Lewis) و نیڤنسن (C. R. W. Nevinson) بـە ماوەیـەکی کـورت پێـش جـەنگی جیهانی یەکـەم پێکـەوە بزاڤێکیـان بـەدی هێنـا، بـە نـاوی دینامیکیەتــــەوە (Vorticism) کــــە وەرگــــێڕانێکی ئینگلیزیانــەی کیوبــیزم و فیوچــەریزم بــوو. "مــاتیو سمیــث" (Mathew Smith) توانـــی وەك جێگرێکـــی "ماتیس" و بزاڤی فوفیزم و نیگارکێشێك بەهرەمەند لـە ڕەنگدا خۆی بە خەڵکی بناسێنێت. بـەڵام هونـەری "پـۆل ناش" لێکدانێك بوو لە نێوان بیروبۆچوونـەکانی کیوبیزم و تەعبیریــەتدا، بــە تــەرزێکی شــاعیرانە بـــە شــاعیریەت و مۆرکێکی ئینگلیزیانەی خۆی، کاریگەری بە ڕەنگـە سـەرنج ڕاکێشەکان دەدات بەڵام بێهاوتایانە.

هونەرمـەندە بەریتانییـە هاوچەرخـەکان توانیویانــە ئیعتڕافێکی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن، لەسەر ئەو بنەمایەی گیانی هونـەری سـەردەمیان وەرگـێڕاوە لـە نێوانیــاندا "بــن نیکلســۆن" (Ben Nicko lsen)ە وەك هونەرمـەندێکی ئـەزموونی، توانـی چێــژو جوانکارییــەك

بداتــه ڕێکخســتنی هێــڵ و ڕەنــگ بــه هێندایــی ڕێچکــه واقعییـــەکان دەیگرێتـــەخۆ. "گراهـــام ســـــوزەرلاند" (Graham Sutherland)یش به سەرکەوتنی له دۆزینـەوەی بەرامبەریـەك بـۆ واقعیـەت لـه هەرێنایـەکی هێماگـەری توندو دیاریکراودا بەدەرکەوت، ئەو تابلۆیەی دەربارەی له خاچ دانی عیسایه له کەنیسەی سانت مـاتیوره لـه نـۆرث هـامبتن (١٩٤٦)، بیرۆکەیـەکی ئـەو لـەخۆ دەگــرێ کـه بـه شێوه وێرانه خاوەن گۆشـەکانەو سـوچه تیژەکـانی دەمـان بزوێنێ.

فرانك برا نجۆن، ئیمپۆراتۆریەتی بریتانی، لەسەر تەختە، ۱۹۲٥- ۳۰.

ولسن ستێر، کچێك لەسەر قەنەفە، ۱۸۹۱، رۆنی لەسەر کانڤاس، ٥٦ × ٦۱ سم.

-سروشتی هونەری هاوچەرخ:

هونـەری ئـەم ســەردەمە وێنەیــەکی تێکــەڵ و دوورە دەستی لەخۆ گرتـوە، توێژینـەوە تیـایدا هـەر بەردەوامـە، بەناو خۆیدا هـەڵکوڕماوە. لەمـەدا وەك سروشـتی مرۆڤـی نوێیە کە زۆری لە نەهامەتی چەشتوە و چارەسەرێکی بە دەست نەکەوتوە بـۆ کێشـە زیندوەکانی. لـێرەدا دەکـرێ بپرســین بــەرەو چ دوارۆژێـك ئاڕاســتەی هونەرەکــەمان بکــەین؟ ئــەوەی ئاشــکرایە گەیشــتوینەتە قۆنـــاغێکی سـەغڵەتی پەڕینــەوە. هـەندێ گلـەیی و گـازندەی ئـەوە دەکەن سـەردەمەکەمان تـەرزێکی نییـە، ئـەوەشمان ڕەت کردەوە هونەر ڕەق هەڵبێ و ڕابوەستێ. هەوڵێکی زۆرمان لـە بـواری ئـەزموون گـەراییدا دا، ئـــەم تێکۆشــانەشمان پەیوەستە بە سروشتی مەدەنیەتی نوێوە، ئەمڕۆ کەسێك نییـە لـە لایـەکی تـرەوە وەك "ڕامـبرانت (Rembrandt) یـاخود تیتیـان (Titian" نیگـار بکێشـێ، بـەڵام لـەوەوپێش هــەرگیز هەســتکردن بــەم شــێوە زینــدوەی ئێســـتای نەگواستراوەتەوە نێوکاری هونەری و بەرجەستە نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە هونەرمەندەکانمان ڕیزبەند کرد لـە کۆمەڵـەکاندا و لـە بزاڤـە هونەرییـــە جیاجیاکــاندا وەسفمان کردن (وەك زۆرێك لە حیزبەکان)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بوونی تاك گەرایی هەمەجۆرو بێهاوتای

لە ژمارە نەهاتوە. چ شارەزایی و بەڵەدبوونێکە ئەوەی هەستی پێدەکەین و لێوەی فێردەبین، لە هەر مۆزەیەك هونەری مۆدێرن لە خۆ بگرێ! تابلۆیەك کاراو ڕۆحانی، سەرباری لاکێشەییەکەی و زۆر لە خۆکردن تیایدا "مۆدیلیانی" ئیتالی دەی ئەفرێنێ، دەکرێت لە پاڵ تابلۆیەکی زەقی "ڤان کوخی" هۆڵەندیدا دابنرێت. تابلۆیەکی تر لە دوتوێیدا غەمی کرێکارانی ئەڵمانی بێ هیوا لە سەدەی بیستەمدا هەڵدەگرێ لە دەستکردی "ماکس بکمان" "Max Beckman"ە، دەشێت لە تەنیشت مریەمی توند هەڵچوو سەرنج ڕاکێشی دروستکراوی پەرەموچەکەی "جۆرج ڕوە" دابنرێت. دیمەنێکی سروشتی چاك پڕکراوە بە تواناو توخمە سەرەتاییەکان کە ئینتباعی بەلچیکی "پێرمك" (Permeke) بەرجەستەی کردوە، هاوشان دانراوە لەگەڵ دیمەنێکی سروشتی ئەرستۆکراتی بێهاوتا کە خۆشییەکی لاتینی لە ڕەنگەکان و سیماکاندا هەڵگرتوە، دەستکردی "دینویە دی سیجونزاکە" (Dunuyer de Sogonzac). ئەندێشەی هێڵێکی شاراوە "پۆل کلی" دایناوە، دەکرێت لە پاڵ خەونێکی سوریالی "خوان میرۆ" وە ببینین. ئەندێشەیەکی توندوتیژی "پیکاسۆ" دەبینین لە سێبەری دیمەنێکی جیاواز لە شادی، لێوان لێو لە کەشێکی ڕابواردن و خۆشی، ناسکی و هەڵوەدایی لە بەرجەستە کراوی "رائول دوفی"یە. ئەمانە گشت نمونەی هونەرن لەم سەردەمەدا.

لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا هونەرمەندی فەڕەنسی دەتوانێت بانگەشە بکات و بڵێت: "ڕێبازەکان لە هونەردا نین بەڵکو تەنها هونەرمەند هەیە".

ولتر سیکرت، چێشتخانەی فەڕەنسی، ١٩١٠، ڕۆنی لەسەر کانڤاس،
٩٧ × ٤٢ شم.

ویندهام لویس، چواردەوری بەرشلۆنە، ١٩٣٤.

-کۆتایی:

لەگەڵ ئەوەشدا دەزویەك لە ئارامی و نیشتەجێی لەو ڕێبازانـەدا هەیـە کـە هونــەری مۆدێرنــیزم پیـا گــوزەری کــردوە. ئــەوە تەنــها پێچەوانەکردنــەوەی میزاجــە جیاوازەکانی سەردەمەکەمان نییە، بەڵکو پەیوەندیشی بە بیناسازی نویّ و هونەرەکانی هەرێنا (فنـون التصمیـم) و گشـت ئاراسـتەکانی ڕەنگـی داوتــەوە لـە شـیعری نــویّو مۆسیقای هاوچەرخدا دووبارە بۆتەوە. بە هیچ وڵاتێکەوە دەستنیشـان نـەکراوە، بـەڵکو هۆکارێك بـوە بـۆ گوزارشـت کردن لە هەموو جیهانێکی ئازاددا. نـەوەکانمان دەتوانـن ئەم هونەرە جیهانییە پابەندی جۆرێك لە دڵنیایی بکەن، هەرچۆن ئێمە هونەری غوتی یاخود هونەری ڕێنیسانس بە جۆرێك لە ڕوونی مێژووییەوە دەبەستینەوە.

تـا چ ڕادەیـەك نـەوەی داهاتوو دەتوانـن لـە دووتوێـی ئەم هونەرەدا کارهایەکی نەمر بدۆزنەوە، خاوەن بـەهای هەمیشەیی کە بەو کـارە نەمرانـەی لـە ڕابـردودا بەرهـەم هێنراون بەراورد بکرێت؟ ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین! ناشـتوانین پێشـبینی ئـەو ئاڕاســتەو ڕێــڕەوە بکـەین کــە پەرەسەندی هونەریی ئەمڕۆ بەرەو ڕویمان دەبـات. بـەڵام ئاڕاسـتەی هونـەری هاوچـەرخ هێشــتا هــەر درامـاتیکی و سـەرنج ڕاکێــش و سەرکێشـە، لەمەشـدا دەق لـە خـودی سەدەی بیستەم دەچێت.

نیڤنسن، پشیلەیەك، ١٩٢١، ئەكواتنت و ئیچینگ، ٤٠ × ٢٥ سم.

ماڤیوسمڤ، کچێك لە بلوزێکی گونجاودا، ١٩٤١، ڕۆنی، ٩٣ × ٦٠ سم.

پەراوێز:

١-ئـەم ناولێنانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هـاوارەی ڕەخنــەگر لویــس ڤۆکســیل کــە وتــی: دۆنــاتێللۆ لــە نێــوان دڕندەکــاندا (دۆناتیللو بین الوحوش). وەختێ چاوی کـەوت بـە پەیکـەری منــاڵێك (کــە پەیکەرســاز مــارك لەســەر شــێوازی دۆنـــاتێللۆ دروسـتی کردبـوو) بـە ڕێکـەوت کـەوتبوە نێوەنـدی کارەکـانی پیشانگەی یەکەمی ماتیس و هاوڕێکانی ساڵی ١٩٠٣ لـە سـاڵۆنی پایزەی پاریسی. (وەرگێڕ).

٢- لێرەدا بیروڕای دیجینەر جیاوازە لەگەڵ هربرت رید چۆن هربرت رید وەختێ دەربارەی ڕۆڵی ئیکلاکتیزم دەدوێ لە میانی مۆدێرنـیزم دا و سـەرچاوەکانی بـۆ دەستنیشـان دەکـات هیــچ گرنگییــەك بــە هونــەری فیرعەونی‌ومســیۆپۆتامیا نـــادات. (وەرگێڕ).

٣- لەلای خۆمان لە هـەندێ نوسـیندا کیوبـیزم بـە شـەش پـاڵو خـوازی یـاخود شـەش پاڵوگـەرایی لــە شــەش پــاڵوەوە نــاوزەد کــراوە، لــە عەرەبیشــدا تەکعیبیــەت لــە وشــەی (مکعــب)ەوە وەرگیراوە. (وەرگێڕ).

سـەرچاوەی بنـــەڕەتی کـــە ئـــەم نووســـینە سودمەند بوە لێی:

Degener, H. S., The Teach Yourself History of painting, The XX th G. Vol. X, London: English Universities Press., Ltd. 1955.

پۆڵ ناش، بازنەیەکی لیسۆگرافی تاك چاپ- ١٩٣٨.



بن نیکلسۆن، دیکۆری سیمفۆنیای حەوتی بالید (جوڵەی چوارەم)، ١٩٣٩،
ڕۆنی لەسەرکانڤاس، ٣٨ × ٤٩ سم.

گراهام سوزەرلاند، هەواکێشی کارگەیەك و ڕۆژهەڵات، ١٩٢١، بۆیەی ئاوی، ٦٧ × ٤٧ سم.

ئیریك هیكل، مناڵێكی وەستاو، ١٩١٠، كۆڵینی تەختە، ٣٧ × ٢٧ سم.